# شتێک لە قوڕی خورافە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# شتێک لە قوڕی خورافە

## نۆڤێلا

ئیسماعیل حەمەئەمین



ناوی کتێب: شتێک لە قوڕی خورافە - نۆڤێلا
نووسینی: ئیسماعیل حەمەدەمین
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣١٠
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق + دلاوەر سادق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## ١

ڕۆژەکان ئاوەها بوون کوڕەکەم... کۆمەڵێ بیرەوەریی پەرش و بڵاون، کە مرۆ ناتوانێ کۆیان بکاتەوە و جارێکی دیکە بەهارمۆنیەتێکی ڕژاو بەسەر مەدارەکانی لۆجیکدا تایتڵیان بۆ دانێت و بڵێت ئاوەهایە ڕابردوو، لە ئەلفەوەیە تاوەکو یای مراوی... ئەو ڕابردووە ناتوانرێت وەک چیرۆکێکی کلاسیک توند و تۆڵیی پێوە دیاربێت و ڕێک بخرێتەوە لەنێو قاڵبێکی گێڕانەوەی یەک بەدوا یەک هاتوودا؛ نەخێر کوڕە پێنج ساڵانەکەم، ڕۆژەکان ئاوەها پەرش و بڵاو و یادەوەرەکانیش هەر وەک ڕووداوەکان، خۆیان لەنێوان لۆجیک و پارادۆکسدا ڕاکێشاوە. هیچ شتێکی گرنگیش نییە کەمن بتوانم بۆتی بگێڕمەوە، شتێک بێت تۆی پێنج ساڵان بتوانیت شانازی پێوە بکەی. ئەوەی لەبەردەمت دایە باوکێکی شکستە خواردووی خەیاڵاوی نێو زیندەخەون و خەونەکانێتی؛ بەڵێ ئەو هەر دەتوانێ قسان بکات، ئەو پاڵەوانی خەیاڵەکانی نێو سەرێتی، بێگومان ئەمە جێگەی شانازی نییە، بەقەد هێندەی جێگەی پێکەنینە، چونکە تۆ ناتوانیت دڵت بەلێبوکێک خۆش بێت سەرتاپا دەموچاوی لە حوزندا نقووم بووبێت، لێبوکێک نازانێت بەجوانی جرت لێ بدات و هەڵقونە بکات بۆ ئەوەی ژیانیش لەگەڵیدا پێبکەنێت.



ڕۆژە دوورەکان ئاوەها بوون کە زۆر جار لەم تاراوگەی جەستە و ڕۆحەدا منیش دەبەنەوە بۆ نێو خۆیان. منیش دەکەنەوە نێو مامەخولە بێ سەر و بنەکانیان، بەتایبەت خەونەکان ئەو ڕۆڵە سەیرە دەبینن، دەمکەنەوە بەنێو ڕۆژە دوورەکان لە شێوەی دەنگێک یا وەکو دەموچاوێکی نێو تەمومژێکی خۆڵەمێشی پەیدادەبن و ون دەبن، بەو ساتە کورتە تێپەڕ بووەیان چەندەها ڕۆژا ژیانم لێ داگیر دەکەن، هەر وەک ئەوەی بیانەوێت بڵێین ئێمە ئەو پارچە بەجێماوانەی ڕۆحتین کە تۆ بەردەوام دەتەوێت لێی ڕابکەیت، ئەو پارچە بەجێماوانە هەستکردنێکم بەتاوان لادروست دەکەن، بێ ئەوەی هیچ دەستێکم لەو ڕابردووەدا هەبێت، یاخود ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک پاڵەوانی چیرۆکە کوردیەکانی زەمەنی بەرگری، ئازایانە بەشێک بووبم لەو ڕووداوانە، ئەوسا دەکرا من هەستکردنم بەتاوان وەک بەشێک لەو لێپرسینەوە مێژوویيانە لە ئەستۆ بگرم، کە لەوەو پێش بەشداریم تێدا کردووە، بەڵام بەداخەوە من لەنێو هیچ شتێکدا نەبووم، من تەنها وەک ترسنۆکێکی نێو ئەم ژیانە سەیرکاری ئەو ڕووداوانە بووم، من لەوێش، لە نیشتمانی پڕ ڕووداویشدا پیاوێک بووم لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا خەونم دەبینی، لە پەراوێز و لەگەڵ خۆمدا پاڵەوانێکی زمانەوانی نێو دەقێکی خۆم بووم، بەڵێ کوڕەکەم ڕۆژەکان هەر وابوون، دوور و بێ بەزەیی و پڕن لە خەیاڵی پیاوێک تاوەکو ئێستاش بەلێواری ژیاندا تێ دەپەڕێت.

چیرۆکەکەی من زۆر سادە و ئاساییە، کوڕەکەم؛ بێ بەرە لە هەموو ماناکانی پاڵەوانبازی، چیرۆکەکەم لە دوێنێ شەوەوە دەستی پێ کردووە، چاکتر وایە بڵێم دیسانەوە خۆی بەسەر ڕووبەری تەنکی هۆشمەندیمدا ڕاکێشاوە، یادەوەریەکی چەند ساڵەی نووستووە و ئێستاش لە قوڵایی نەستەوە جاڵجاڵۆکەیەکی ڕەش پەیدابووە و تەونەکانی لەو ساڵە دوورانەوە

دەدۆزێتەوە و تەونسازی دەکات بەهەناسەکانی ڕابردوویەکی دوور و تاڵ. لەوانەیە ئەو جاڵجاڵۆکە پیرە ئەو هەستە قوڵە چەپێندراوە بێت بەنامۆبوون لە نێو ئەو جەهەنەمەی نێوی تاراوگەی ژیانە.

دوێنێ شەو خەونم بەدەموچاوێکەوە بینی کوڕەکەم، دەموچاوێک پازدە ساڵ دەبێت نەمبینیوە، دەموچاوی هاوڕێیەکی خۆشەویستم، ئامۆزایەکم کە لە تەمەنی خۆمدا بوو و تەمەنێکمان لە خوێندنی ئامادەیی پێکەوە بەسەر برد، ئەو دەموچاوێکی هەبوو وەک گەنمڕەنگی هەموو دەموچاوە هیلاک و جوانەکانی ناوچەی شارباژێڕی سەخت، دووچاوی تیژ و بزەیەکی سەیر کە جارجارە لە شێوەی ڕۆشنایەکی تێپەڕبووی شەوێکی تاریکدا بەدەربڕینەکانیدا هاتوچۆی دەکرد، وەک ئەستێرەیەکی کشاوی شەوانی مانگی گەلاوێژ لە شێوەی بزەیەکی شەرمن تێپەڕ دەبوو، ساتی تێپەڕبوونی ئەو بزەیە هەمان ساتی ونبوونی بوو، ساتی ئەو پێکەنینانە هەمان ساتی مردنیان بوو. من دەزانم ئێستا تۆ ناتوانیت خەیاڵبەندی ئەو دەموچاوە بکەیت، تۆیەکی گەورەبوو لێرە کە هەموو شتێک لە نێو لۆجیکێکی ڕێکخراودا خۆی قاڵببەند کردووە، دەموچاوێک یان کراوەیە یاوەکو داخراو و غەمبارە، دەربڕینەکانی ئێرە ئاوەهان، پابەستن بەسەدەیەک لە پەروەردەبوون لە نێو بێ بەزەیی ئەقڵانیەتدا، کە زۆر جار لە ئەقڵانیەتدا بونەوەرێکی بێ بەزەیی دڵڕەق و بێ خەونی بەرهەم هێناوە، سروشتی لە سروشتی عەسکەریەک دەچێت، بەڵام ئەم عەسکەریە زیاتر پابەندە بەترۆکردنی سۆز و خەون لە ژیانی کەسی خۆیدا، بۆ هیچ نا کوڕەکەم، بۆ ئەوەی زیاتر سەرکەوتوو بێت، بۆ ئەوەی زیاتر بەپلەکانی کارکردندا سەرکەوێت، سەرکەوتنێک لەم نێوەندەدا عەسکەریانەیە لە جەوهەردا و لە شێوەشدا گەیشتنە بەپلەباڵاکانی وەزیفە و پارە، لەم نێوەندەدا



دەموچاوەکان تەنها لەو پێناسە دیاریکراوانەدا دەناسرێن و خۆیان ڕیز دەکەن کە کاپیتاڵ سیستەماتیکی کردووە. بەڵام دەموچاوی ئامۆزایەکەم، دەموچاوێک بوو لەنێوان حوزن و بزەدا یاری دەکرد، دەربڕینەکانی دنیایەک بوو لە گۆڕان وەک ئاسمانی ئەو زەمەنەی نیشتمان، تێپەڕ بوونی هەموو هەورەکانی موحیبەت بوو لە ناسۆریەکی نهێندا، چاکتر وایە بڵێم لە نەگبەتییەک و تێکچوونێکی زەمەنی شتەکان کەهەموو تەمەنی بەدوویەوە بوو، هەڵگری ناسۆریەک یان نەگبەتییەک بوو هەناوی دەخوارد بێ ئەوەی بزانێت لە کوێوە هاتووە، هەر بۆیە بەردەوام لەو مرۆ بەئەدەب و ڕێکانە بوو کەبەپەنا دیواردا ڕێی دەکرد و لە خەتی ڕاستی یاساکانی ژیانی سروشتی و ڕۆژانەژیان لای نەدەدا، کوڕێک بوو کەهەموو دایک و باوکێک خەونی پێوە دەبینی.

ئەو ئامۆزایەم ئاوەها بوو، کوڕێکی باڵابەرزی گەنمڕەنگی شەرمن و بێ دەنگ بوو، دەربڕینەکانی دەموچاوی دنیایەک گومانی دەخستە دڵمەوە بێ ئەوەی هیچ شتێکی ئەوتۆم کردبێت شایانی ئەو گومانە بێت، لەوانەیە سروشتی ژیانی ئەو لەنێو دڵڕەقیی سروشتی شارباژێڕی سەختدا لەبەرامبەر دەموچاوی شاریەکی وەک منی پەروەردەبووی جادە و کۆڵانەکان، ئەو هەستە و چەندەها هەستی دیکە بەرامبەر بەیەکتری لە ڕۆحدا بهاروژێنێ، ئەو کوڕێک بوو دەیزانی چی دەوێت و چی دەکات، بەڵام من نەمدەزانی چیم دەوێت و نە دەشمزانی لەو زەمەندا کەهێشتا هەرزەکاری بەنێو خوێنمدا دەهات و دەچوو، چیم دەوێت!!. گەر خوێندن بۆ من جۆرێک بووبێت لە ڕۆتینێکی ژیان، لای ئەو خوێندن مانایەکی دیکەی هەبوو، بەهەڵەدا نەچووبم جۆرێک بوو لە ڕاتەکاندنی یەخەی ژیانێکی کۆنینە بەژیانێکی دیکەی نوێ، جۆرێک بوو لە خەون بەپڕاوپڕی کەماڵ و

تێگەیشتنی خۆی بۆ گۆڕان، لای من کەخەیاڵ تێکەڵی خوێنی هەرزەیی دەبوو، خوێندن کراسێکی پیس بوو دەشێت لەبەری بکەیت و دەشێت بەتەنافی ڕۆژەکانیشەوە جێی بهێڵی. بەکوردی و بەکورتی ئەو دەیزانی لە کوێ هەنگاو هەڵدەهێنێت و لە کوێش چاڵە قوڕاو هەیە بۆ ئەوەی قاچەکانی پیس نەبن، من بەپێچەوانەی ئەو هەموو گیانم لە قوڕ و چڵپاودا پیس بووبوو، بۆ نموونە ڕۆژەکانی من بریتی بوو لەوەی هەوڵم دەدا ببم بەچەقۆوەشێنێکی لێهاتووی گرنگ و باڵفشی گەڕەک، هەموو گەڕەکەکانی ئەولا لێم بترسێن!!، بەمەرجێ ئەوەی سەیری لاوازیی لەش و باریکیی مەچەک و قۆڵمی کردبا، قاقا بەو خەیاڵە پێدەکەنی، من لە قوتابخانە چەقۆم هەڵدەگرت بێ ئەوەی بوێرم نیشانی کەسی بدەم، یاخود دەریشی بهێنم، ئەو ڕۆژەی مامۆستای پۆلەکەمان پێی گرتم سەری سووڕما، لەجیاتی ئەوەی سەرزەنشتم بکات پێی گوتم: تۆی ڕیوەڵە و جرجی کتێبان و چەقۆی ئەبوئەڵقە دووشتی دژ بەیەکن ؟ پێم ناڵێی چی لەم چەقۆیە دەکەی... من نەمزانی چی وەڵام بدەمەوە، کەئامۆزایەکەشم ئەو هەواڵەی بیستەوە بەو چاوە تیژانەوەی لێمی ڕوانی و گوتی: نازانم تۆ چیت داوە لە چەقۆکێشی. ئەمەی گوت پاشان بێدەنگ بوو، ئەو ئێوارەیە شێوابووم لەنێو خەیاڵەکانمدا و دەمویست ئەوەی بۆی باس بکەم کە ئەم چەقۆیە شتێکە بۆ سەلماندنی بوونی خەیاڵێک لەنێو سەرمدا، چارنەبوو ئەو دەیزانی چی دەوێت و منیش وەک ئێستا ونبووی بیرۆکە بچووک و سەیرەکان بووم.

ڕۆژەکان پڕی بوو لە نووشتی بچوک کوڕەکەم، پڕی بوو لە دۆزینەوەی هەنگوین لە نێو کەڵکە شاخەکانی ناوچەی ماوەت، هاوینێکیان پێکەوە شانەی (شەمەنترێنکە) مان دۆزیەوە، ئەو هەنگە شاخاویەی لە سەختترین



شوێندا هەنگی خۆی دەخات، من و ئامۆزایەکەم بەدەرپێ کورتەوە بەو کەڵکە بەردە زەبەلاحانەدا سەردەکەوتین بۆ ئەو شوێنانەی شانەی هەنگوینەکان خۆیان لە قوڵایی بن کەڵکە شاخەکان شاردبووەوە، بڕیار وابوو من لە سەرەوە دارێکی پێدا بکەم و شەمەنترێنکەکان دەرپەڕێنم و ئەویش دەستی لە پەڕۆ هەڵپێچابوو بۆئەوەی بەپەلە پەلاماری شانەکان بدات. ئەوەی کە ڕوویدا تەواو پێچەوانەی ویستی خۆمان بوو، لەجیاتی ئەوەی شەمەنترێنکەکان بەرەو ڕووی من بێن، کە لەبەردەمی کونەکەدا بەدارێکی درێژەوە هەوڵم دەدا شانەی هەنگوینەکە بخەمە خوارەوە، پاشان من هەڵبێم و لەسەر بەردەزەبەلاحەکەوە خۆم هەڵدەمە نێو چەمەکەوە، تەواو بەپێچەوانەی ئەوەوە، هەر کەهارووژان لەسەر و گوێلاکی ئامۆزایەکەم هالآن، هەر وەک ئەوەی دەمێک بووبێت چاوەڕێی ئەویان کردبێت، ئەوێک کە لە پەنا کونەکەوە خۆی شاردبووەوە مەجبوور بوو هەڵسێتە سەر پێ و لە حەژمەتا دەستی بەملا و بەو لای خۆیدا ڕادەتەکاند و منیش لەسەر بەردە زەبەلاحەکەوە سەیرم دەکرد و قاقام لێ دەدا، زۆری نەخایاند خۆی هەڵدایە نێو چەمەکەوە و شەمەنترێنکەکان وازیان لێ هێنا، منیش لەسەر گازی پشت پاڵ کەوتبووم و پێ دەکەنیم، دوایی کەهاتمە خوارەوە هەستم کرد بەخێسەوە تێم دەڕوانێ، پێم گوت: بڵێم چی من لەبەردەم کونەکەدا بووم، پەلاماریان نەدام، کەچی لە سەر و گوێلاکی تۆ هالآن!!، ئەو گوتی: دەزانم من خۆم نەگبەتم... جگەلەوە پێنج دانە پێوەیان داوم، من گۆشتم پیسە تا چەند ڕۆژێکی دیکەش چاک نابمەوە...

ئێستا بیر لەو وشەی نەگبەتی و گۆشت پیسی و ڕێکەوتە ناجۆرەکان دەکەمەوە، تۆ بڵێی ئەمە تەنها چەند وشەیەکی بەکارهێنراوی زمانەوانی بن و هیچ زەمەنێکی تایبەت و نهێنییان لە خۆدا نە شاردبێتەوە؟!، تۆ

بڵێی مرۆکان پێش وەختە هەست بەو چارەنووسە سەیرانە نەکەن کە چاوەڕێیان دەکات؟، گەر وانەبێت ئەی کەواتە ئەم هەموو جادوباز و ڕەمڵ لێدەرانە چۆن بەدرێژایی مێژوو بەتەنیشت زەمەنی ڕیالستییەوە کاریان کردووە و خۆیان بەتۆبزی خستۆتە نێو مێژووەوە. من دوای چەندەها ساڵ لەو دوو وشەیە تێ گەیشتم، یەکەمیان نەگبەتی و دووەمیشیان گۆشت پیسی!!.



## ٢

ڕووداوەکان وایان پێویست دەکرد کەمرۆڤ بەردەوام ئەوە نەبێت کەخۆی دەیەوێت، لەوانەشە ژیان بەگشتی ئاوەها بێت، دژەکاریەک بێت دژ بەبوونی خۆت وەک بوونەوەرێکی ئازاد و ژیاو بەو شێوەیەی خۆت دەتەوێت. من ماوەیەک بەو شێوەیە دەژیام کەخۆم دەمەویست، ماوەیەک بوو لەو گرووپە نهێنیانە خۆم دۆزیبووەوە کەدژی حکومەت کاریان دەکرد، کۆبوونەوەی نهێنی نێو ماڵەکان، بەشداریکردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و خەڵک ڕاکێشان بۆ نێو حزب و چەندەها ئەکتیڤیەتی دیکە، کەجگە لە بەشێک لە بەتاڵکردنەوەی هەستکردن بەچەوساندنەوە و بەشێکی گەورەشی ڕاکردن بوو لە یاسا سەختەکانی خێزان و باوک و مامۆستا مۆنەکانی کۆمەڵگە، لە هەمووشیان گرنگتر کەدوای چەندەها ساڵ بۆم دەرکەوت، بەتاڵکردنەوەی ئەو خەیاڵە سێکسییە بوو کەزیاتر پەست و دەهریی دەکردین لە جیهان. لەم نێوەندەدا وشەی نەگبەتی یاوەکو زەمەنی ناجۆر شتێک نەبوو جێگەی بڕوابێت، کەجارێکیان لێم پرسی: باشە تۆ بەشداری هیچ خۆپیشاندانێک ناکەی؟ دەترسی؟!، لە وەڵامدا پێی گوتم: نەخێر بەڵام بڕوابکە لە یەکەم هەنگاودا من دەگیرێم، من بێ شانسم، بڕوابکە هەموو ڕێکەوتە ناخۆشەکان تووشی من دەبن!!. من وام لێکدەدایەوە کە ئەم ئامۆزایەم لە ژیان دەترسێ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ئەو

بیروڕایەم بەپابەند بوون بەڕووداوەکانەوە، زیاتر خۆی ڕەواخواز دەکرد.

کە تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا دەستی پێکرد، جیاوازیەکانی من و ئەو دیسانەوە سەریان هەڵدایەوە، ئەوێک بەهێمنی و ڕێکی و بەتەنیشت دیوارە پڕ ئاسوودەگییەکانی دنیادا تێدەپەڕی و منیش لەنێو مامەخولەی خەیاڵ و هەرا و زەنای ژیاندا، لەنێو سەمای دێۆنیزی بیر و ئایدیاکاندا خۆم گێژ دەدا، ئەوێک ڕۆژانە زیاتر لە چوار کاتژمێر موتاڵای دەرسەکانی دەکردەوە، منیش هەرگیز نەدەکەوتمە ماڵەوە، ئەوەی کەبووە هۆی تورەیی باوکم، پرسیاری لا دروست کردبوو، ئەوەبوو، بۆچی ئامۆزاکەم بەردەوام سەری بەسەر کتێبدا شۆڕ کردۆتەوە و خەریکی دەرس و دەورە و منیش بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی کتێبی گەورە و قەبەم، ئەو کتێبانەی پەیوەندیان نییە بەخوێندنی ڕەسمییەوە، زۆرم هەوڵ دەدا لە باوکم بگەیەنم کە تێگەیشتن لە ئابووری سیاسی مارکسی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی ئەو ئابووریە سادەیەی لە قوتابخانە دەیخوێنین، یاوەکو ئەو کتێبە عەرەبییەیانەی من دەیانخوێنمەوە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لەو ئەدەبە سانا عەرەبییەی لە کۆتاییدا نمرەی زۆری لەسەر وەردەگیرێت، ئەمانە لای باوکم هێزی قەناعەتیان نەبوو، ئەو تەنها یەک وێنەی دەبینی، قوتابیەکی پۆلی شەش بەردەوام وەک ئامۆزاکەم سەری بەسەر کتێبەوەیە، شتی دیکە کەمن دەمگوت، خەیاڵ و فشە و حونجەت هێنانەوەی بێ سوود بوو. سەیر لەوەدابوو لەچاو ئەو هیلاکییەی ئەو، نمرەکانی زۆر نزم بوون، کە لێشم پرسی بۆچی لەچاو ئەو هەموو هیلاکییە زۆرەدا نمرەکانی ئەوەندە بەرز نین، هەمان وەڵامی دامەوە و گوتی: ڕێگەگرتن لە نەگبەتییەکی شاراوە و چاوەڕوانکراو... گۆشت پیسی...

بەڕاستی هەر واش بوو ئەو بەهەموو ددان و هێزی پەنجەکانیەوە هەوڵی



دەدا دەست بەیەخەی ژیان و بەختەوە بگرێ، خۆی لەو نەگبەتییە و ڕێکەوتە ناجۆرانە بپارێزێت، کە ساڵانێکە بووە خولیای و هەرگیز لە مێشکی دەرنەچووبوو، مرۆڤ زۆری پێویستە بۆ ئەوەی لە بیروڕای خورافی خۆی قوتار دەکات، بۆ بیروڕای لۆجیکیش چەند چرکەیەک بەسە بۆ ئەوەی توڕی هەڵدەیە نێو سەتڵی ژەنگاوی لەبیرکردن و فەرامۆشی. بەتایبەت لە وڵاتێکدا کە لۆجیک مێژووەکەی هەڵناسوڕێنێ، بەڵکو موجیزە و ڕێکەوتە سەیرەکان. ئەم بیرۆکەیەی هەستکردن بەنەگبەتییە چەند ساڵێک دوای ئەوە ڕوونبووەوە، من و ئەو لە شەشی وێژەیی بووین، ساڵێک پێش ئێمە تەنها سێ قوتابی لە کۆلیژەکان وەرگیرابوون و حەوتیش لە پەیمانگاکانی کەرکووک و موسڵ و بەغدا، ئەوانی دیکە کەبەکۆیان ژمارەیان دەگەیشتە سەد و سی و پێنج قوتابی، دەبوایە بەزووترین کات پەیوەندی بکەن بەبەرەکانی شەڕی ئێران – عێراقەوە و خۆیان لە فەرمانگەی سەربازی (تەجنید) ناونووس بکەن و لەنێو پۆستاڵی شەڕدا ژیان بەسەر بەرن، تاوەکو گوللە تۆپێک دەیانکات بەچەند پارچە گۆشتێکی لەبیرکراو، یان لەوانەیە لەگەڵ کۆمەڵە ئێسقانێکی سوتاوی سەربازی دیکەدا تێکەڵ بن و ملوانکەکەی ملیان کەناوی سیانی و ئەدرێسی بەتالیۆنەکانیان لەسەرە، لەگەڵ ئەو پارچە گۆشت و ئێسقانە سووتاوانە بخرێنە سندوقێکەوە و بۆ ماڵەوەیان بنێرێت!، ئامۆزایەکەم ڕای وابوو گەر ئاوەها فوندەمێنتال نەخوێنێ، ئەوا چارەنوسی وەکو ئەو سەربازانە دەبێت کە تەنانەت لاشەشیان، لاشەی یەکێکی دیکەیە بەملوانکەکەی ناونیشانی خۆیەوە، هەموو شتێک لای ئەو هەوڵدانێک بوو بۆ ڕێگەگرتن لە نەگبەتییەک و چارەنوسێکی ناجۆر، ئەو دەیگوت: گەر نمرەی زۆر بەرز نەهێنم ئەوا من لەگەڵ بەسەرباز بوونم، ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکرێم، لەوێش بڕوابکە هەر لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنم بۆ بەرەکان، یەکەم گوللە تۆپ لوولم دەدا بۆ

نێو ئاسمان، لەوانەیە تەنها ملوانەکەی ملم بکەوێتە سەر زەوی و جەستەی پەرتبووم ببێت بەهەزار پارچەوە. منیش بەو قسانە پێدەکەنیم، زۆر بەتۆنێکی ڕاستەقینەیەوە دەیگۆت: من هەموو شەوێک ئەو خەونە دەبینم، خەون بەلاشەیەکی کەللە پەرتبووی ئێسک و گۆشت سووتاو، لاشەیەک، کە لاشەی من نییە و لە قەبرێکدا هەناسە دەدا کە بەناوی منەوەیە، ئەوسا ئەو نوێژ و دوعا و ڕەحمەتانەی بۆمی دەنێرن، بۆ من نییە، ناگات بەمن، بۆ ئەو لاشەیەی کە لەوانەیە لاشەی عەرەبێکی باشووری بێت. ئەو لە نێو ئەو بێدەنگییەی خۆیدا لەگەڵ ئەو ترسە سەیرەدا دەژیا کەجۆرێک بوو لە خورافە بەڵام وردە وردە لەنێو ژیانی ڕیاڵدا یاری خۆی دەکرد، بەشێوەیەک هەستم دەکرد دەرچوون و وەرگێران لەزانکۆ مانای قوتار بوونە لە چارەنووسی ڕاکێشانی لاشەیەکی دیکە، یەکێکی دیکەی بێگانە بەملوانکەیەکی زیوینی ئامۆزاکەمەوە، لە نێو قەبری ئەودا ڕاکشاوە... ئەم جەنگە چی پێ کردین کوڕەکەم... ئەو ڕۆژانە هەر دەتوانرا ئاوەها بیربکەیەوە، چاری دیکە نەبوو کوڕەکەم، چونکە جەنگ هەموو هەڵبژاردنە مرۆییەکان دەکوژێ، جەنگ شتێکە دژی بیرکردنەوە، ئەو پیاوانەشی زۆر بیردەکەنەوە، هەر زوو لە یەکەم ڕۆژی شەڕەکاندا دەکوژرێن، ئەوانەی بەساغی لە جەنگەکان دێنە دەرێ و پەنجەیان خوێناوی نابێت، ئەوانەن کە تەنانەت یەک چرکەش بیریان لە دزێویەکانی شەڕ نەکردۆتەوە... ئەوە یاسای جەنگە کوڕەکەم... دوور لە تۆ کوڕەکەم... دوور لە هەموو منداڵێکی خەواڵوو...

ئەو ڕۆژانە بەپێچەوانەی ئەو هەڵدەسووڕان، ئەوەش وای لێ کردبووم بگەمە ئەو بڕوایەی کە ئامۆزایەکەم دروستبووی قوڕێکی دیکەیە، قوڕێکی دیکە نیوەی لە خورافە و نیوەکەی دیکەی لە مرۆ، ئەو جارجارە



بەپێکەنینەوە دەیگوت: نەخێر نیوەکەی دیکەم لە ئەجندانن، هەردووکمان بەگاڵتەوە ئەو قسانەمان دەکرد، بەڵام زۆر جار بابەتەکە دەبووە باس و خواسێکی دوور و درێژی شەوانە تاوەکو نیوەشەوی دەخایاند، ئەو ژوورێکی لە ماڵی پیرێژنێکی کەرکووکی گرتبوو کەچەند مەترێک لە ماڵی ئێمەوە دوور بوو، من لەبەر ئەوەی لەگەڵ گروپەی مارکسییە کوردستانیەکاندا خەریکی چرپە و خورتە بووم، حەزم نەدەکرد ئەو بێت لە گەڵماندا بژی، لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەک لە کاتی ئەگەری پشکنینی ماڵەکە و ئەگەری گرتنم لە لایەن پیاوەکانی حکومەتی عێراقییەوە، ئەو تووش نەبێت، پێ دەچوو باوکیشم هەستی بەو کارانەم کردبێت بۆیە زۆر زوو سەری بۆ گواستنەوەی ئامۆزایەکەم لەقاند، ئەو شەوانەی باسمان لە ئەجندە دەکرد، شەوانی دووروودرێژ و پڕخورافە بوون، ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە ئەجندەکان هەڵگری ڕێکەوتە ناجۆرەکانن، ئەوانەی کە ئەجندەیەک پێوەیان دەنووسێ، بەڕێکەوتی سەیر سەیر دەمرن، یاخود دەبنە هۆی مردنی ئەوانی دیکە و بەشێوەیەکی تراژیدۆکۆمیدی کۆتاییان پێ دێت، نمونەی مامۆستای جوگرافیای هێنایەوە کە لە پۆلی پێنجەمی وێژەیی وانەی جوگرافیای ئابووری پێ دەگوتینەوە، ئەو لەو بڕوایەدابوو مردنی ئەو پێوەنوسانی ئەجندەکانی بەرەکانی شەڕ بووە بەچارەنوسیەوە یاخود نەگبەتییەک بەناوچاوانیەوە نووساوە و خۆی هەستی پێ نەکردووە تاوەکو بتوانێ ڕێگر بێت لە بەرامبەری، لەوانەیە ئەو هاوڕێیەی کە لە تەنیشتیەوە بەگوللە هاوەن یاوەکو فیشەکی وێڵی ئێرانیەکان کوژرابێت، ئەجندە نەبینراوەکەی لەگەڵیدا نەمردبێت، ئاخر ئەوانیش پابەندن بەژیانی ئێمەوە، لە شێوەی ناوچەوان و ڕێکەوت و بەختدا خۆیان دەسەلمێنن، ئامۆزایەکەم وایدەگوت، دەیگۆت: ئەمە قسەی من نییە ئەمە قسەی نەنکی من و نەنکی زڕی تۆیە، ژنی دووەمی باپیرم کەتاکە کوڕی لێ بووە

و زرِبرای بچوکی باوکمە، بەهەر حاڵ، ئەو نەنکەمان دنیایەک بوو لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی پڕیان بوون لە ئەجندە و جنۆکەی پڕ حیکمەتی ناوچەی شاربازێڕی سەخت و تاریکایی دۆڵەکانی نێوان سنووری کوردستانی عێراق و ئێران، من بە پلار و نیمچە توانجەوە پێم دەگوت: ئاخر... هەتیو ئەو جنۆکانەی نەنکمان باسی لێوەی کردوون لە زەمەنی سەفەربەرلک و عوسمانیەکاندا ژیاون، ئەوانە جنۆکەی لادێیی بوون بەڵام بیرت نەچێت لە هەزار و نۆ سەد و حەفتا و حەوتەوە، لە ڕاگواستنی یەکەمی گوندە دوورەکانی سەرسنووری کوردستانی ئێران و عێراق، جنۆکەکانیش پارەی قەرەبوی ڕاگواستنیان لە حکومەت وەرگرت و نەمان، گەر مابێتیشن ئەوا لەوانەیە ئێستا لە مەلهاکانی موسڵ و بەغدا، لەنێو درزی مەمکی سۆزانییە شەهوانییەکاندا خۆیان شاردبێتەوە... ئەو زەمەنە گوزەشت کە جنۆکەکان بەشێک بوون لە بڕوابوون بەخودا و میهرەبانیەکانی... ئەو بەم قسانەی من قەڵس دەبوو، چونکە لای ئەو مەسەلەکە حەقیقەتێکی نادیار و هەستپێنەکراوە، ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە جنۆکەکان خۆیان لەنێو دڵدا پاڵ خستووە و بەڕای ئەو ڕۆحانیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ئەوەندەیان دەسەڵات هەیە کە ئەو جنۆکانە بەبەرەکانی جەنگدا پەرش بکەنەوە بۆ ئەوەی سەربازەکان بەچارەنوسی سەیر سەیر کۆتاییان پێ بێت، ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە کۆتایی مامۆستای جوگرافیای ئابووری بەو شێوە تراژیدۆکۆمیدیە هۆکارەکەی بڵاوبوونەوە و تێکەڵبوونی زەمەنە نەبینراوەکانی ئەجندەکانە بەزەمەنی پیسی مرۆڤ و جەنگە بێ هودەییەکانی دژایەتیکردنی ئەو زەمەنە نەبینراو و ناجرە...



## ٣

ئەو مامۆستایەمان کوڕێکی تازە دەرچووبوو لە زانکۆی بەغدا بەشی جوگرافیا، باڵای بەرز بوو، بەردەوامیش کراسەکەی تا ملەوانە قەپات دەکرد، بەجیاواز لە مامۆستاکانی دیکە، ئەو بەردەوام قسە خۆش بوو، لەهەمان کاتیشدا هێزێکی ڕاکێشانی سەیری هەبوو بۆ جوڵاندنی هەموو غەمباری و تۆزی چەپاندنێک، کەتەواوی کەش و هەوای پۆل و قوتابخانەکانی ئەوسا و ئێستای نیشتمانی داگیر کردبوو. کەئەو دەهاتە ژوورەوە دەمانزانی دنیایەکی دیکە هەیە لەنێو خوێندندا کەپێی دەڵێن هەناسەی ئاسودەگی، ئەمە هەستێکی سەیر بوو کە لە ڕێگەی ئەوە و حەزکردن بۆ ناسینی دەریا و وڵاتان و فڕین بەسەر ئۆقیانوسەکاندا خەونێکی ڕیالستی بوو، هەموومانی سەرسام دەکرد، باسی لەو گۆڵاوە لەبیرکراوانە دەکرد کە شتێک لە جوانیەکی سروشت و پارچەیەکی بەجێماوی بەهەشتن لەسەر ڕووی زەوی، باسی کێڵگە شێدارەکانی مۆزی دەکرد لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا کە بووە هۆی ڕاپێچکردنی ئینگلیز و ئەمریکاییەکان، ئەوانە بەخۆیان و کۆمپانیاکانیان بوونەتە هۆی چەندەها کارەساتی مرۆیی و شۆڕشی بێ هودە و برسێتی و کوشتن، لە هەمان کاتیشدا لای ئەو مێژووی جوگرافیای ئەو ناوچەیەش بەدەر نییە لە جوانیەکی شاراوە، ئەو باسی ئەو زۆنگاوە بچوکانەی دەکرد کە زەمەنێکی

زۆرە خۆرنابینن و لە شێداریدا ڕووبەری ئاوەکانیان قەوزەی ڕەنگاوڕەنگە، قەوزەی زەرد و شین و پەمەیی، پڕتەقاڵی و سەوزی تۆخ، باسی ئەوەی دەکرد کەتەنها ئابووری ئەو وڵاتە مەتات و قامیشی شەکر و بازرگانی مۆز نییە، بەڵکو ئەو پێی وابوو ئەو جوانیەی لەنێو دەریاچە و زۆنگاوەکانیدا خۆیان شاردۆتەوە، ئەو بۆقە ڕەنگاوڕەنگ و مارمێلکە ڕەنگاڵە و بوکەکانیلە سەیرانەی لەنێو زۆنگاوە لەبیرکراوەکانیدا دێن و دەچن، بەشێکن لە جوگرافیای ئابووری، ئەو پێی وابوو سەماکردن و سێکسی سەربەست و ئەفیۆنیش کە تاڕادەیەک قورسیی ژیانی دەروونیان هێور دەکاتەوە، بەشێکە لە جوگرافیای ئابووری، ئەو دەیگوت ئەو موزیکەی ئەوان و ئەو جۆرە هەستکردنە بەپەرشبوونەوە لەنێو سروشتی دارستانە چڕەکان، دروستبوونی ئەو هەمەجۆریە لە ڕەنگ و بیروڕای سەیر سەیر، بەشێکە لەو جوگرافیا سەیرە کە دەتوانرێ وەکو جوگرافیایەکی ئابووری لە قەڵەم بدرێ، ئەو دەیگوت سەیرکەن کاتێک خۆر بەهێمنییەوە سێبەری درەختەکان بەسەر شەقامەکاندا ڕادەکێشێ، مرۆکان بەختەوەرترن، خۆر لەو حاڵەتەدا بەشێکە لە جوگرافیای ئابووری، سامانێکی بێ کۆتاییە... ئەو پێی وابوو دنیای جوگرافیا پابەندە بەدۆزینەوەی جوانی لە سروشتدا و هەستکردن بەو شوێنە دوورانەی نەتبینیوە، بەشێکی دیکەیە لە خەیاڵ بۆ خۆڕاکێشانی بەسەر تەمومژە ڕەنگینەکانی خەون، جوگرافیا و خوێندنت لەو بوارەدا دەتبات بۆ ئەوێ، بۆ ئەو شوێنە دوورانەی کەدەتوانیت بەسەربەستی هەناسە هەڵکێشیت، ئەو دەیگوت بڕوابکەن، من لە هەموو ئەو شوێنانە بووم، لەنێو هەموو ئەو ئۆقیانووسانەی پڕن لە ماسی ڕەنگاوڕەنگی خەوبینەر.

ئێمە سەرسام بووین بەو مامۆستا گەنجەی خەیاڵی دنیایەکی دیکەی



تێدا دەهاروژاندین، لە دوای وانەکانی ئەو هەستمان دەکرد ئەم پیاوە ژیانی کورت دەبێت لەم وڵاتەدا، هەمووومان دەمانزانی کە مرۆ بەمجۆرە خەیاڵەوە ناتوانێ بەرگەی ئەم ژیانە بگرێ، کەژیانە لەنێو وڵاتێکدا، نەخێر ببورە کوڕم، ژیان بوو لەنێو تاکە پۆستاڵێکی ڕزیوی بۆگەنی سەربازێکی کوژراو، کە تاوەکو ئێستا بۆنی ئەو پۆستاڵە لە خەونەکانی تاراوگە کراوێکی وەکو مندا خۆی ڕادەکێشێ...

من بەئامۆزایەکەم گوت مردنی ئەو گەر بەکارەساتی جەنگیش نەبووایە لە دەهریی بوونیدا دەمرد، پێم گوت ئێمە هەموومان وەک قوتابی ئەوەمان دەزانی کەمرۆڤی وا ناسک لەنێو ئەم ڕەشەبایەدا زوو دەمرێ، ئامۆزایەکەم بەجیاوازی ئەو لێکدانەوەیە بیری لە جۆری مردنەکەی دەکردەوە، وەک نەگبەتییەک بەردەوام بەدوویەوە بووە، ئەو دەیگوت: سەیرکە هەموو قوتابییەکانی پۆلی شەشی ئامادەیی وێژەیی هەستی مردنی ئەو پیاوەیان لە گەڵ خۆدا هەڵگرتبوو، تۆ بەشێوەیەک لێکی دەدەیتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگۆڕێ کە هەستکردن بەمردنێکی نێزیکی شتێک بوو لای هەمووان وەک قەدەرێکی پێشهات دیار بوو، ئێمە هەمووان ئەو قەدەرە ناجۆرەمان دەبینی لە پێش ئەوەوە لە شێوەی سێبەری پیاوێک هەنگاو دەنێت، بەڵام خۆی نەیدەبینی و هەستیشی پێ نەدەکرد، هەر بۆیە کەناوی هاتەوە بۆ ئەوەی بچێت بۆ سەربازی، هەمووان دەمانزانی زۆر ناژی، وانییە... لە هەمان کاتیشدا دەشزانین خەڵک هەیە پێنج ساڵە لە بەرەکانی شەڕدایە کەچی پەنجەی خوێنی لێ نەهاتووە، ئەو نەگبەتی خۆی، ڕێکەوتی ناجۆری خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، بەڵام خەیاڵەکانی نەیدەهێشت ئەو قەدەری خۆی دەرک پێ بکات، دەنا گەر تۆزێک وریابووایە، لەوانەیە بیتوانیایە ڕێگر بایە لەو مردنە سەیرەی، بەکورتی من دەزانم کەنەگبەتم هەربۆیە دژی ئەو

نەگبەتیە شەڕ دەکەم و خۆم بەخەیاڵی لاوەکییەوە خەریک ناکەم...

ئەو مامۆستا گەنجەمان کەژیانی خوێندنی باڵا و زانستی لەلا خۆشەویست کردین، زۆری نەخایاند ڕاپێچی جەنگ کرا، ئەو هەروەک ئەوەی قەدەرێک چاوەڕوانی بکات ئاوەها زۆر زوو ڕاپێچی بەرەکانی شەڕ کرا، زۆربەی کات ئەوانەی تازە دەگیران بەسەرباز چ نەبێت ماوەی چل شەویان لە سەربازگەکانی مەشقی سەربازی بەسەر دەبرد کەبەسەربازگەکانی شەڕ ناسراوبوون، لەوێدا هەموو کەسێک نمرەیەک بوو بەبێ ناو، نمرەی ملوانکەیەکی تەنەکە بوو کەناوی سیانی و ژمارەی بەتالیۆن و جۆری کارەکەی لە سوپادا بەچەند وشەیەک هەڵکەنرابوو، مرۆکان کوڕەکەم لە جەنگدا دەبنە چەند ژمارەیەک و چەند هێمایەکی سەیر، کەدەشکوژرێن ئیدی نمرەیەک کەم دەکاتەوە و یەکێکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە، بۆ نموونە دەنووسرێت، سەربازی ژمارە حەوسەد و سی و پێنج سەر بەبەتالیۆنی ژمارە حەوتی یەکەی سەربازی سەد و سی، لە کاتژمێر دووسەد و پەنجادا ونبوو، کوژرا، بەدیل گیرا... ئاوەها تۆ بوونێکی لە ڕێگەی ئەو ملوانکەیەوە دەناسرێیتەوە و ژمارەکانیش و ژمارەی خۆشت دەبێتە سەرە دەزووی ناسینەوەت، بێگومان ئەمە لەکاتێکدایە کەنیوەی جەستەت پەرت پەرت بووە و لەوانەشە نیوەی ملوانکەکەش پەرت بووبێت و ئەو ژمارانەشی دەمێننەوە دەبنە سەرە دەزووی پێناسەی کەسی تۆ، کەتۆزێک لەمەوبەر هەناسەت هەڵدەکێشا و خەونت بەدوارۆژەوە دەبینی.

ئەو جوگرافیاناسە خەوبینەرە، ڕۆمانسیيە، شەوی دووەمی لە سەربازگەی مەشقی کەرکووک، دواشەوی بوو لە ژیانی دوور لە جەنگ، نیوەشەو هەموویان سواری پیکابی سەربازی بوون، کە لە عێراقدا بە(زیل) ناسراوە و شتومەک و تفاقی سەربازی و زۆرجار کوژارەکانی جەنگیشیان



پێ دەگواستەوە، ئەو نیوەشەوە هەموو سەبازە تازە گیراوەکانیان سوار کرد و دوای دوازدە کاتژمێر لە بەرەکانی شەڕ و لەنێو قوڵاییی زەوی ئێراندا لە نێزیک شاری (عەبادان) دایانگرتن، هەر بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە بۆ بەشی پێشەوەی بەرەی شەڕ گواسترانەوە، ئەو ڕۆژە هەر لەگەڵ دابەزینیاندا هێرشی ڕاجیمە و ڕاکێت دەستی پێکرد، هێشتا کۆڵەکانیان دانەگرتبوو کە ڕاکێتێکی شێت لەناو زیلەکەی دا و پێنج سەربازی هاوەڵی پارچە پارچەکرد، مامۆستای جوگرافیای تازە سەرباز و شۆفێرەکە بەڕێکەوت لەبن تەپۆڵکەیەکدا بەپێوە میزیان دەکرد، هێشتا لە میزکردن تەواو نەبوون، چەند چرکەیەکی نێوان چۆڕە میزێک و زەمەنێکی پیسی ئاوڕدانەوە و گوێچکە کاس بوون بوو کە هەموو شتێک لەنێو دوکەڵ و خوێندا نقووم بوو، ئەوەی لەنێوان ئاوڕدانەوە و گوێچکە کاس بوونی ئەواندا خۆی پەرت کردەوە چەند پارچە گۆشتێکی خوێناوی بوو لەبەردەمیاندا و بەسەر سەریاندا گیڤەی کرد، خۆیان دا بەزەویدا، ئەوان بۆ ماوەی چەند مەترێک لە زیلەکە دوور کەوتبوونەوە بۆ میزکردن لەبن تەپۆڵکەکە و هێشتا نەگەیشتبوونە بەشی پێشەوەی بەرەی شەڕ و لەسەر ڕێگە خۆڵاویەکە لایان دابوو، لەو کاتەدا کە سەربازەکانی دیکەیان لەنێو زیلەکەدا بەجێ هشتبوو، کەسیان، نە شۆفێرە سەربازەکە و نە مامۆستای جوگرافیای تازە سەرباز کە ژمارە هەشتا و هەشتی لەسەر ملوانکەکەی نوسرابوو، لەو بڕوایەدا نەبوون هیچ مەترسییەک لەو ڕێگە سەربازیەدا هەبێت، کەڕێگەی ئەمینی هاتوچۆی نێوان بەشی پێشەوە و بەشی دواوەی بەرەی شەڕی عەبادانە، ئەو چرکە تێپەڕبووەیە و ئەو چەند مەترە دوور کەوتنەوەیە ڕێگر بوو لە مردنێکی حەتمی، هەر وەک ئەوەی قەدەری مرۆکان لە جەنگدا پابەند بێت بەڕێکەوتە سەیرەکانەوە.

ئەو ڕێکەوتەی ئەوی قوتار کرد لە مردن هەمان ڕێکەوت نەبوو کەبووە هۆی مردنی!!، ئەوەی چاوەڕوانی ئەوی دەکرد، شتێکی دیکەبوو، ڕێکەوتێکی ناجۆر بوو، نەگبەتییەک بوو لە جۆرێکی دیکە، لە دەرکەوتنیدا نەگبەتییەکی ئاساییە، لە فۆرمی دەرەوەی، لە توێکڵی دیاریدا نەگبەتی بوو، بەڵام لە جەوهەردا تایبەتمەندیەکی دیکەی جوداوازی هەبوو، کەزەمەنی خۆی بەجوداواز لەگەڵ زەمەنی نەگبەتیە ئاساییەکان نەخشەساز کردبوو، نەگبەتییەک کە چرکەیەکی ناجۆری ڕوودانی شتێکە لە زەمەن و شوێنێکی زۆر ناجۆر و سەیردا، لەنێوان تێکچوونی پەیوەندی لۆجیکی نەگبەتیەکان و پەیوەستی توخمە پێکهێنەرەکانیدا ڕوویاندا و ڕووشدەدەن!!، گەر زیاتر تەلیسمی ئەم قسەیە ڕوون بکەمەوە کوڕەکەم، ئەوەیە، کەزۆر جار هەندێک شت ڕوودەدەن لە شوێن و زەمانێکدا کە شوێن و زەمانی خۆیان نین، پابەند نین بەزەمەنی ڕوودانی خۆیانەوە، لادانێکن لە زەمەنێکی لۆجیک و لۆجیکی ڕووداو، ئەمەش نهێنی و سیحری ناجۆری زەمەنە شاراوەکانن، لەهەمان کاتیشدا خاڵێکی تراژیدیای ئیستاتیکیای زەمەن و پەیوەندیەکانی دیکەی ژیانن پێکەوە، کەشانبەشانی زەمەنی جەستە و زەمەنی لێرەبوونت لە شوێندا، لەگەڵ خۆتدا هەڵی دەگری. ئەمە قەدەریەت نییە بەقەد هێندەی دیوێکی دیکەی جیهانە ناوەکییەکانە، کەمرۆ بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵیدا دەژی. بۆ ئەوەی زیاتر کوڕم، دوور لە تۆ، بەپلەکانی ڕوونکردنەوەدا بچمە خوارێ، دەکرێ بڵێین نەگبەتی و زەمەنی نەگبەتی جودایە، دەبووایە گەر مامۆستای جوگرافیاکەم لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بکوژرایە، ئەوسا هاوکێشەکە خاوەنی یاسا و ڕێسای سروشتی نەگبەتی خۆی دەبوو، ئەوسا دەمانتوانی بڵێین: ئەوە مرۆڤێکی نەگبەتە لە دووەم ڕۆژی سەربازی بوونیەوە ڕەوانەی شەڕکراوە و لەدوای دوازدە کاتژمێر لەنێوان هەردوو بەرەکەدا بەهۆی ڕاکێتێکی وێڵەوە و



لەکاتی میزکردن بەپێوە بووە بەهەزار پارچەوە، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا کوڕەکەم، نەخێر، زەمەنی ڕێکەوتە ناجۆرەکان تەواو خورافیە، ئەوێکی خەوبینەر بەئۆقیانووس و زۆنگاوە دوورە سیحرییەکانی ئەمریکای لاتین دوومانگی ڕەبەق بەشداری زۆرەملێی سەختترین شەڕی کرد و تەنانەت لەو ماوەیەدا توشی هەڵامەت یاوەکو ڕەوانی نەبوو، نەک هەر ئەوە بەڵکو زۆر بەئاسایی مۆڵەتی خۆی وەرگرت و شەوێکیش لە بەغدای پڕ هەوەس و دوژمنایەتی مایەوە!!....ئەو بەڕاستی بیری لەوە دەکردەوە کەئیدی جارێکی دیکە نەچێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ و وەک هەڵاتوویەک دوور لە جەنگ یان لە گوندە دوورەدەستە سنووریەکان خۆی قایم بکات یاوەکو لە ڕێگەی ئێرانەوە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوروپا، ئەمانە بیرکردنەوەی ئەو بوون، پیلانەکانی بوون کە لە ڕێگای هاتنەوەی بۆ سلێمانی بیری لێ دەکردەوە، ئاشکرایە کوڕم کەئەو بیرکردنەوەیەی هەبێت، ئەو زەمەنە شاری ئێمە ئەو دەروازەی هەڵاتنانەی هەبوو، قوتاربوون بوو لەو جەنگەخوێناوییە، لەدایکبوونەوەیەکی نوێ بوو، لەوانەیە گەیشتنیش بووبێت بەخەونەکانی، خەون بینینی ئەو بەو تیمساحە تەمەڵانەی دەمیان یەک مەتر دەکەنەوە بۆ ئەوەی پەپولەی سپی و نارنجی و شینی دارستانەکانی باران باڵەفڕەبکەن و کەژمارەشیان زۆر دەبێت وەک گوڵە وەحشیەکانی دارستانەکانی باران، دەمی دابخات و پەپولە ڕەنگاڵەکان لەنێو هەناسەی بۆگەنیدا بخنکێنێ، دۆزینەوەی دوورگەی پڕ لە ئافرەتی پێست گەنمی نیمچە ڕووت، بەمەمکی ڕووتەوە لە بەندەرە ڕزیو و بەجێماوەکانەوە ئەناناس دەفرۆشن و داوا لە موسافیران دەکەن دابەزن بۆ تامی هەموو ئەناناسەکانی دنیا، ئەمانە و زۆر خەونی دیکە بۆ ئەوی قوتاربوو لە شەڕی بەرەکان خەونێکی زیندووبووەوە بوو، کەنێزیک سلێمانیش کەوتەوە هەستی بەئاسودەگی کرد، هەناسەیەکی هەڵکێشا، تاوەکو ئەو ڕۆژەش کوڕم ئەو شارەی ئێمە بەشێک بوو لە

بەرەنگاربوونەوە و قوتاربوون لە مردن و مەرگی لەپڕی لە کۆڵان دەرپەڕیووی ڕۆژەکان، ئەو شارەی منی تێدا لەدایک بووم بەجیاواز لەم شارەی تۆی تێدا لەدایک بووی، پڕی بوو لە چیرۆکی برسێتی و کوشتن و هەڵاتن و گرتن، بەڵام ئەمەش سیحری ئەو هەناسەهەڵکێشانە ئاسودەگییە بوو کوڕم، کە مرۆڤ دوای بەدگومانی و ترسێکی گەورە هەناسە هەڵدەکێشێ بەقوتاربوون لە قورساییەکی گەورە لەسەر دڵ، هەستکردنێکی دیکە بەئاسودەگی دایپۆشی، دوای ئەو هەستەی کەوت و ماوەیەکی کورت لەبەردەم کتێبخانەکاندا سەیری کتێبەکانی کرد، حەسرەتێکی پەنگخواردووی تاڵ بوو کاتێک لە جەنگدا خەونی بەخوێندنەوەی کتێب دەبینی، حەسرەتی ڕوانینە لە ئاسمانێک بێ باڵندە، ڕوانینە لە خۆرئاوا بێ پەڕەسێلکەی ئێوارانی خەزەڵوەر، جەنگ کوڕە بچکۆلانەکەم، کەوتنەخوارەوەی ئینسانە بۆ نێو بێشەڵی دڕەندەیەکی چاوەڕوان نەکراو، ئەو حەسرەتە وای لێکرد تا درەنگ وەختێک لە چایخانەی مامۆستایان، کەبەتەنافی مامۆستایان ناوزەدەکرێ، کات بەسەربەرێت، ئەو دەیویست دەمەو عەسر بڕواتەوە ماڵێ، بەڵام ئەوەی نەکرد!، بەمەرجێ هەڵسوکەوتی سەربازی بەرەکانی جەنگ ئاوەهایە، لەگەڵ گەیشتنیان بۆ گەراجی شارەکەیان، تاکسییەک دەگرن و خێرا بۆ ماڵەوە، ڕاکردنێکە بۆ نێو باوەشی پڕ میهرەبانی دایک و خێزان و خوشکەکانیان، مێیینە جوانەکانی ئەم گەردوونە، هەموویان تامی ڕێواسی بەهاران دەدەن، یاوەکو تامی ئەو نارنجە جوانانەی شتێکن لە ئەبەدیەت وەک لەوەی میوەیەکی خودایی بن، بەڵام ئەو ئاوەهای نەکرد تەنانەت تەلەفۆنێکیشی بۆ ماڵەوە نەکرد، نە لە بەغدا و نە لە کاتی گەیشتنیدا، چ نەبێت حەمامی بۆدابخەن، ئەو عەسرە لەگەڵ زۆربەی مامۆستاکانی ئێمە، ئەوانەی تەمەنی سەربازیان تێ پەڕاندووە، چای خواردبووەوە و سەرگوزشتەی خۆی



بۆگێڕاونەتەوە، بێگومان کوڕم من و ئامۆزایەکەم ئەم چیرۆکەمان لە گێڕانەوەی مامۆستاکانمانەوە پێ گەیشت. ئەوی خەوبینەر لەگەڵ داهاتنی ئێوارە لە مامۆستاکانی هاوڕێی جودابووەوە، هەر کە سواری پاسە پۆڵۆنیەکانی خانووە قوڕەکان و دارۆغا بوو، هەستێکی سەیر دایگرتبوو، ئەو خەڵکانەی لەنێو پاسەکەدا قسەیان لەگەڵدا کردبوو، هەستیان بەو دەربڕینە سەیرە کردبوو لە نێوچاوانیدا خۆی دەرخستبوو، پێ دەچوو ئەو قەدەرە ناجۆرە بێت لەسەر نێوچەوانی خۆی ڕاکێشابێ، ئەوانەی قسەیان لەگەڵدا کردبوو، دووکەسی خەڵکی گەڕەک بوون، یەکێکیان گێڕابوویەوە و گوتبووی: هەر کەزەرفە خەیارەکەی نێو کۆشمی بینی خێرا بێ پرس دوو بەڕولە خەیاری دەرهێنا و بەبێدەنگی کەوتە خواردنی، پێ دەچوو سەدەیەک بێت خەیاری نەخواردبێ. ئەوی دیکەیان باسی لەو بێدەنگییە کرد و بۆ ئەوانی دیکەی گێڕابووەوە و گوتبووی: من هەرگیز ئاوەهام نەبینی بوو، بێ دەنگ و سارد، ڕەنگی لاشەیەکی هەبوو دەمێک بووبێت سەرئاوی ساردی بەیانیەکی زستان کەوتبێ!!، هەموو ئەوانەی ئەو ڕۆژە بینیبوویان هەستیان بەو قەدەرە ناجۆرە کردبوو لە شێوەی سێبەری پیاوێک لە پێش ئەو بەرەو مەرگ هەنگاوی دەنا.

هەتاوەکو ئەو ڕۆژەش بەهیچ شێوەیەک ئەم شارەی ئێمە بۆمب باران نەکرابوو، کەسیش مەزندەی نەدەکرد کەتۆپی ئێرانیەکان بتوانێت شارە دوورەکان لە سنوورەوە تۆپباران بکات، هەر لەگەڵ دابەزینی نەفەرەکان لە پاسەکە و بڵاوبوونەوەیان بەچەند لایەکدا، لەگەڵ شریقەی یەکەم تۆپ بەسەر شەقامەکەدا، پارچە گۆشت و خوێن و ئێسقانی وردەبوو تێکەڵی دوکەڵ و تەپۆز و پارچە چیمەنتۆی شۆستەکە بوو، دوکانداری ئەو بەر جادەکە بەگریانەوە گێڕابوویەوە و گوتبووی: کەبینیم لە پاسەکە دابەزی

چاوەڕێی ئەوەم کرد سەیرێکی ئەوبەری خۆی بکات، کەدەستم بۆ هەڵبڕی جگە لە تەپۆزێکی خوێناوی و چەند پارچە گۆشتێکی جێماو نەبێت هیچی دیکەم نەبینی، منیش کەبریندار بووم تەنها سێبەرێکی خوێناویم بینی دەبێت بەچەندە پارچە گوشتێک و لە سپیاتیدا ون دەبێت...

ئەمە ئەو چیرۆکە غەمبارە بوو کە ئامۆزایەکەم بیروڕاکانی خۆی پێ پشتگیر دەکرد و لە شیتەڵکردنی ڕووداوەکانیەوە قەدەری ناجۆری خۆی تێدا دەدۆزیەوە...



## ٤

بەڵێ کوڕەکەم، هەمان سێبەری خوێناویش بوو لەپێش ئامۆزایەکەم هەنگاوی دەنا، نەگبەتیەکی ناجۆر، خاوەن زەمەنێکی خوێناوی جوداواز لە هەموو هاوکێشەکانی نەگبەتی، جۆرێک بەقەدەرەوە نەنوساوە بەقەد هێندەی لەنێوان خۆشبەختی و غەمباریەکاندا سەما دەکات، دێت و دەچێت و ون دەبێت، ئەوەی ئامۆزایەکەم دەرکی پێ کردبوو ئەوەیە کەئەو نەگبەتیە ناجۆرە دەتوانرێ بەتەواوەتی ڕێگەی لەبەر بگیرێ، خۆتی لێ دوورخەیتەوە، بەوەی هەمیشە بەتەنیشت دیواردا ڕێ بکەیت!!، بەڵام ئەمە چ جۆرە جەهەنەمێکە؟، ئەمە ڕای من بوو، ئەمە چ جۆرە ژیانێکە بێ هەڵکشان و داکشانی نێوان بەختەوەری و دڵەخورپێ و غەمباری، ئەو ژیانە کوڕم ژیانی تێپەڕبوونە بەنێو باخچەکانی ژیان، بێ ئەوەی بۆنی گوڵێکت کردبێت، بێ ئەوەی دڕکێک پەنجەکانت ئازار بدات، بێ ئەوەی لەسەر فەرشی بەئاونگ تەڕبووی بەیانیانی پاڵ بکەویت و سەیری بێ سنووری ئاسمان بکەیت، ئەو ژیانە یەک میلۆدی دووبارەی هەیە، دوور لە تۆ، ئەو جۆرە ژیانە لامسەلایەکە کە بەئێرەدا تێپەڕدەبیت، بێ ئەوەی بەشێک بێت لە مانای شتەکان، لە زەمەنی چواردەوروبەر، لە زەمەنی نێوەکی ڕۆژە داخبووەکان بەئاهاتی گەرمی ئەشق، ئەو ژیانە ژیانی باوکتە لێرە، لێرە لەم مەنفا دوورەدا، لەم مەنفای ڕۆح و جەستەیەدا، دوای

چەندەها ساڵ لە جووڵە، ئێستا وەک قالۆنچەکەی کافکا لەنێوان ئیش و ماڵەوە، خۆی دەخواتەوە. ڕۆتینکی دووبارەیە، ژیانی پەنا دیوارەکانە، منیش دوور لە تۆ کوڕە خنجیلانەکەم، ژیانێکی ئاوەها پەڕپووت بەسەر دەبەم، ژیانێک دووبارەبوونەوەی زەمەنێکە کەهی من نییە، ژیانێکە لەوانەیە خەڵکی دیکە خەونی پێوە ببینن، بەڵام بۆمن جەهەنەمێکە ڕۆژ بەڕۆژ هەناوم دەخوات و زێدەتر لەنێو ئەم باخچە جوانەدا پیرم دەکات.

ئەو سێبەرە بەدوویەوە بوو کوڕم، بەدووی ئامۆزایەکەم، ئەو سێبەرە نەگبەتیەی بەپێچەوانەی مامۆستاکەمان کە گوللە تۆپێکی ناوەخت و تەنها یەک گوللە تۆپێک کە بۆ تاقیکردنەوە، ئەو ئێوارەیە دایان بەشاردا، پارچەی پارچەی کرد. بەپێچەوانەی ئەو خەوبینەرە بەپەپولەکانی دارستانەکانی باران، ئەو هەرگیز هەستی بەو سێبەرە نەدەکرد کەبەشێک بوو لە هەڵسوڕێنەری دنیای شتەکانی چواردەوروبەری، ئەو شتانەی پابەندن بەچارەنوسی ئەو، وەک مرۆڤێک هەڵسوڕا و بەڕایاڵەکانی مردنێک لە گەڵیدا گەورە دەبێت. لەوانەیە ئەم قسانە جۆرێک بن لە ڕەمڵ لێدان و خوێندنەوەی بەخت لە نێو ئاوێنەکانی سیحر، یاخود دۆزینەوەی دڵشکاندنی نەوەکان بێت لە پیاڵە ئاوێکی بیسمیل کراوی فاڵچییەکی کۆڵانە لەبیرکراوەکانی ڕۆژهەڵات، بەڵام کوڕم هەموو شتەکان لە جەنگدا خۆیان لەبەردەم نابینایی و ناماقوڵدا دەبیننەوە، لە زەمەنی جەنگدا کوڕم قەدەریەت زێدەتر سەمای خۆی دەکات وەک لە ئەقڵانیەت، هەر بۆیە ئەقڵانیەکان پێش هەموان بەرێکەوتە سەیرەکانی قەدەر دەمرن، بەڵام قەدەریەکان خۆیان دەدەنە بەر سێڵاوی هەڕەمەکی شتەکان و تێکەڵی ئەو کۆڕاڵە شێتاتییە دەبن و دوای جەنگیش ئەوانەن شان و باڵیان فش دەکەن



وەک پاڵەوانی پەڕۆی شەڕەکان لە ئەنجامی بەردەوامی گێڕانەوەی چیرۆکانیاندا خرف دەبن، لەژێر خۆری گەلاوێژدا لەسەر کورسییە نزمەکانی چایخانە و گازینۆکاندا سەر بەیەکترەوە دەنێن و بەردەوامی دەدەن بەجەنگێک کە لەسەر زەوی بوونی نەماوە بەڵام لە ڕۆحیاندا خۆی دووبارە دەکاتەوە . زەمەنی جەنگەکان جودایە لەهەموو لێکدانەوەیەک بتوانی تێیدا خۆت وەک بونەوەرێکی فەلەسەفێندراو بدۆزیتەوە، بونەوەرێکی لەنێو هەڕەمەکی و شێتاتیدا نازانیت کەی دەفەوتێت و کەی جارێکی دیکە لەدایک دەبیەوە. ئەو سێبەرە وەکو گوتم کوڕەکەم، بەدووی ئامۆزایەکەمەوە بوو، ئەو وەکو منی نەکرد بەیەکجار تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بدات، تاکە حونجەتی ئەوەبوو، کە دەبێت نمرەیەکی زۆر بەرز بهێنێت، چونکە وەرگرتنەکان لە شانسی ئەودا ئاوەها نابن، ئەو هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە گەر وەرنەگیرێت ئەوا بەرەکانی جەنگی ئێران و عێراق چاوەڕێی دەکەن، منیش ئاوەها بیرم دەکردەوە بەڵام من لەو بڕوایەدا نەبووم لەنێو ئەم هەرای جەنگەدا شتێک هەبێت پێی بڵێین نەخشەسازی بۆ ژیان!!، ئەو بەپێچەوانەوە پەنا دیوارە ئەستورەکانی ژیانی هەڵبژاردبوو، ژیان لەو ڕۆژانەدا کوڕەکەم جۆرێک بوو لە شێتاتی وەک لەوەی تێکچڕژانێکی هەمەڕەنگی جوان بێت، ئەو خۆی هێشتەوە بۆ ساڵێکی دیکە و منیش کەخۆم دابووە بەر قەرەباڵغی شتەکان لە کۆلێژ وەرگیرام، بەڵام ئەو هەر بڕوای بەوە هەبوو دەتوانێت زیاتر ڕێگە لەو قەدەرە ناجۆرە بکات لە بەدەستخستنی باشترین کۆلێژ و دواڕۆژ لە وڵاتێکدا وشەی دواڕۆژ جگە لە سوعبەتێکی پیس نەبێت هیچی دیکەنەبوو. ئەوەش بۆ ئەو شۆکێکی گەورە بوو، زیاتر بڵێم دۆڕانێکی گەورە بوو کە لە دوای ئەو

هەموو هیلاکی و نمرە بەرزەی وەریگرتبوو لەجیاتی ئەوەی لە کۆلێژی ئاداب وەرگیرێ، کۆمپیوتەری وەزارەتی عێراقی هەڵیداتە نێو پەیمانگایەکی دووساڵی، ئەوسا من ساڵی دووەمی خوێندنم بوو لە زانکۆ، ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیست بوو، جەنگیش لەولا، لەو دیوو سنوورەکانەوە چاوەڕێی دەکردین، خوێندن هۆکارێک نەبوو بۆ فێربوونی زانستە جوانەکانی ئەم دنیایە، بەڵکو دوورکەوتنەوەیەکی کاتی بوو لە بەرەکانی شەڕ و بەلاشە بونی جەستە. کەیەکتریشمان لە پەیمانگاکەیدا بینیەوە پێی گوتم: پێم نەگوتی قەدەرێکی ناجۆرە و لە یەخەم نابێتەوە. ئەوە بۆ یەکەم جار بوو هەست بکەم خورافە لە جەنگەدا ڕاستیەکی ڕەهایە، یاخود بڕوا بەوە بکەم کە هەندێک مرۆڤ هەن لە قوڕی خورافە دروست بوون، حەقیقەت بەشێکە لەو خورافە نەپچڕاوە لە قەدەریەتێکی خاوەن زەمەنێکی تایبەت، من ئیدی ئەو سێبەرەم دەبینی کەلەپێش ئەوەوە ڕێگەی دەبڕی، بەڵام وەک خۆشەویستیەک بۆ ئەو، نەمدەویست ئەو سێبەرە ببینم، تاوەکو ڕۆژەکان جارێکی دیکە ئەو سێبەرەیان زیندوو کردەوە.

ئەو توانی ساڵێک خۆی دوابخات، سەیر لەوەدا بوو لەنێوان هەموو ئەو خوێندکاراناى پەیمانگا کەهاوین نەچوو بوون بۆ سەربازگەکانی مەشقکردن، ئەو و چەند کەسێکی کەم نەبێت دەرنەکران، ئەو لیستانە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کرابوون، بەڵام کە وەریشگیرانەوە تەنها ئەو و چەند کەسێک نەبێت لەو هەموو ژمارە زۆرانەی کەنەچوون بۆ سەربازگاکان، لە هۆڵەکانی خوێندن دەرکران و دەبوایە چەند هەزار دینارێک بدەن، ئەمەش بۆ مامەم کارێکی گران بوو، ئەو پارەیە بەسەر یەکەوە بدات تاوەکو لە ڕێگەی خزمێکمانەوە کەفەرمانبەر بوو کرا بەچەند قیستێکی ڕاکێشراو لە



موچەکەی، من بەئامۆزایەکەم گوت زوو خۆی بەدەستەوە نەدات و سووربێت لەسەر ئەوەی کەپارەی نییە و ناتوانێت ئەو پارەیە بەقیستیش بدات، بەڵام ئەو لەو بڕوایەدا بوو، هەموو بەرەنگاریەک تەنها بۆ ئەو، ئەنجامەکانی چاوەڕوان نەکراو دەبێت، ئەو بەپێکەنینەوە پێی گوتم: بیرت چوو کەمن گۆشتم پیسە...

## ٥

کۆلێژم تەواو کرد و گیرام بەسەرباز، بەڵام ئەو توانی ساڵێک خۆی دوابخات، ئەو زەمەنە جەنگی عێراق و ئێران کۆتایی هاتبوو، لەوانەیە ئەوە بۆ ئەو جۆرێک بووبێت لە هەناسەی ئاسوودەگی، بەوەی توانیویەتی بەسەر ئەو قەدەرە ناجۆرە، ئەو سێبەرە وەحشییەی پێشە خۆی، ئەو گۆشت پیسی و نەگبەتییەی خۆی قوتار کات، من ساڵێک بوو سەرباز بووم لە بەرەکانی دەربەندیخان و شەمێرانی سەر سنووری ئێران، لە خەستەخانەیەکی بچووکی سەربازی کارم دەکرد، کەچووم بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لە وەزارەت فۆرمولەی دامەزراندی دوای خزمەتی سەربازی وەرگرم، لەوێ دوای ئەوەی فەرمانبەرەکەی وەزارەت یەکەمجار بە ڕووخۆشی و لوتفەوە فایلەکەی لێ وەرگرتم و لە دوایشدا کەهاتەوە بەتوڕەییەوە پێی گوتم: کەتۆ بەعسی نیت چۆن داوای دامەزراندن دەکەیت!!، گەر سەربازیش تەواو کەیت تۆ دانامەزرێی... ئەوە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو بۆ من، هەر چۆنێک بێت توانیبووم مۆڵەتێکی حەوت ڕۆژی نائاسایی وەرگرم و شتێک دوور کەومەوە لە بۆنی ئەو پۆستاڵەی هاتبووە نێو سییەکانمانەوە، بۆ من مانەوەی دوو ڕۆژیم لە بەغدا و پیاسەکردن بەنێو بازاڕی کتێب و کتێب کڕین و سەردانی پێشانگا و ئەو باڕانەی پڕی بوون لە بۆنی ئارەقی زەحلاوی و دوکەڵی جگەرە و وشەی عەرەبی سەرخۆش بەئاوهەوای



قۆشمەچێتی سەرخۆشە بێ باکەکانی بەغدا، ئەمانە و زۆر هەستی تێکچڕاژاوی دیکە وەک کوردێک بەغدا لەلای تێکەڵەیەکە لە وێنەکانی ئەو هەموو لەسێدارەدراوانەی پەیتا پەیتا خۆیان دەکردەوە بەنێو شاردا، بەڵام بۆ منێکی خەوبینەر ئەو وێنانە وێنەکانی دیکەی لا نەدەشاردمەوە، وێنەی شانۆی شەست کورسی کەچەندەها شانۆی جوانی لەسەر نمایش دەکرا، وێنەی چایخانەی بەرازیلیە کە لەسەر شەقامی ڕەشید زەمەنێکی دووروودرێژ شوێنی ئەو ئەدیب و شاعیرانە بوو، لەنێو هەرای کۆدێتا و جەنگی نێوان کۆمەنیست و قەومی و بەعسییەکاندا خەونیان بەجوانییەوە دەبینی، من ئەو ڕۆژانە لەوێ دادەنیشتم و بیرم لە (سەیاب) دەکردەوە، ئەو پیاوەی کەهەموو ژیانی شەڕی لەگەڵ سیاسەتدا کرد بۆ ئەوەی تەنها شاعیربێت و هیچی دیکە، ئەمانە پەیوەندیەکانم بوون بەشوێنەوە وەک خۆی، دوور لە پرتەقاڵە ژەهراویەکانی واقعێکی سەخت، کەبەردەوام ئەم هەموو جوانیەی لە بەرچاو دزێو دەکردین و بەتۆپزی مانایەکی دیکەی دەدایێ، دوورە لە مانا جەوهەریەکانی خۆی وەک شوێنێک، شارێکی گەورە، جوانیەکانی خۆی لە هەناوی خۆیدا شاردۆتەوە، وەک سۆزانییەکی پڕ ئاڵۆشی جوان تەنها خۆی بۆ خەوبینەرەکان ڕووت دەکاتەوە، تەنها ئەوانن ئەو جوانییە دەبینن، تا مەست بوون گۆی مەمکی شارەکان دەمژن.

ئەمەو زۆری دیکە لەو هەستە تاڵەی دووردەخستمەوە کە دوای توڕهەڵدانم لە دەرەوەی بینای وەزارەتی پەروەردە، دایگرتبووم. شەویش عەرەقی زەحلاوی و بینینی هاوڕێیەکی شاعیر کە بەناسنامەیەکی ساختەوە خۆی لە سەربازی قوتار کردبوولەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەی دووساڵیش بوو شەڕی ئێران عێراق وەستابوو، ئەو بڕوایەکی سەیری هەبوو و دەیگوت: دەبێت وەک هەڵاتوویەکی ئەبەدی لەم وڵاتەدا بمێنمەوە، گەر وا نەکەم ژیانم

هیچ مانایەکی دیکەی نابێت. کەچیرۆکەکەی خۆشم لەگەڵ وەزارەتدا بۆ گێڕایەوە قاقا پێکەنی و گوتی: گەر سەربازی کردن سوودی هەبوایە و ئێمەش کارمان دەست کەوتبا، ئەوا دەمکرد، بەڵام ئاسانە لەوە تێ بگەی کەلەم عێراقەی سەدامدا شتێک نییە پێی بڵێن کۆمەڵگەی مەدەنی، یاوەکو ئاسایی، ئێمە هەمووان لای ئەو بەسەربازی لەدایک دەبین و بەسەربازیش دەبێت بمرین، بەتایبەت ئەگەر کوردیش بیت ئەوە حسابی خۆت لەنێو ناچیزەکاندا بکە... هەر ئەو ڕۆژە پێکەوە لەبەر نەبوونی پاسی سلێمانی چووین بۆ کەرکووک، کە گەیشتین کاتژمێر پێنجی ئێوارە بوو، ئەو زەمەنە کوڕم لە دوای کاتژمێر چواری عەسرەوە هاتوچۆ لەنێوان کەرکووک و سلێمانی نەدەما، لە کەرکووک ماینەوە، دوای گەڕانێکی زۆر ئینجا توانیمان ئوتێلێکی هەرزان بەهامان چنگ بکەوێ. ئەو ڕۆژانە سەیر بوو، جۆرێک بوون لە ونبوون لەنێو خۆت، لە شوێنێکدا کەنێوی نیشتمانە، ونبوونێک هەتاوەکو ئێستاش بەدوومەوەیە و زەمەنەکانی بەختەوەریم کورت و بێ مانا دەکات، ئەو شەوە تاوەکو بەیانی لەنێو ئەو هەستکردنە بەهیچ و ونبوونە بێدار بووم، زۆربەی کات سەیری بنمیچی ژووره سیخناخەکەم دەکرد بەبۆن ئارەقەی بەجێماوی ئەو کەسانەی لەمەو بەر بۆنی لەشی خۆیان لەسەر بەدیوار و قەروێڵە ژەنگاوی و بەتانیەکانەوە جێ هێشتبوو... دیسانەوە ونبوون کوڕەکەم، ونبوونێک لە خۆمدا، لەو مەنفایەی بەردەوام لەنێویدا دەژیم.

بەیانیەکەی بڕیارمان دا سەردانێکی کتێبخانەکانی نێو شار بکەین، چەند هەنگاوێک لە ئوتێلەکە دوور نەکەوتینەوە، مۆسیقا و گۆرانیی جەنگمان بەر گوێ کەوت، کەبەپەلە گەڕاینەوە و لە خاوەن ئوتێلەکەمان پرسی چی ڕوویداوە، لەجیاتی ئەوەی یەکسەر وەڵامان بداتەوە لێی پرسین:



ئێوە سەربازن؟ من و هاوڕێکەم پێکەوە گوتمان: بەڵێ، ئەو بەحەسرەتێکەوە سەیری کردین و گوتی: خوا موەففەقتان بکات، جەنگ بەرپابووە!!، ئێمەش سەیری یەکدیمان کرد و گوتمان: دیسانەوە لەگەڵ ئێران، گوتی نەخێر: ئیمشەو کوێتمان گرت و ئەمیری کوێتیش کوژرا، خودا دەزانێ ئەمجارە لەگەڵ کێ دەکەوینە جەنگەوە، خوا سەلامەتتان کات.

ئالەو ساتەدا کوڕەکەم شتێک کەنازانی چییە، لەنێو ناختدا دەشکێ، لەگەڵ شکاندی، من بیرم لەو سێبەرە دەکردەوە لە پێشە ئامۆزایەکە هەنگاو دەنێت، چاکتر وایە بڵێم دوای ئەم هەموو ساڵە لە دژەوەستانی بڕوای ئەو بەقەدەری ناجۆر و نەگبەتی و ئەجندەی سوڕاوە لە فەلەکە نادیارەکانی قەدەردا، دوای ئەم هەموو شەڕە لەنێوان براگماتیەتی من و خورافەزەندی ئەو، بڕوام بەو سێبەرەی ئەو کرد، بیرم لەو دەکردەوە، ئەی دەبێت کەئێستا ئەویش سەربازە کامە دیواری ئاسودەگی هەڵبژێرێت ؟، بۆ یەکەم جار بوو بڕوا بەخورافە بکەم وەک حەقیقەتێک کەژیانی ملیۆنەها مرۆڤ هەڵبسووڕێنی و قەدەریان دیاری بکات، من... کوڕم لەو ساتەدا بیرم لە ئامۆزایەکەم دەکردەوە، ئیدی چارەنووسی ئەوم زێدەتر لا ڕوونتر دەبووەوە. لەو ساتەدا کەهەواڵی جەنگێکی دیکەمان بیست، من و هاوڕێکەم پێکەنین و نەمانهێشت ئەو جەنگەش ئەو ساتانەمان لێ تێک بدات، هاوڕێکەم گوتی: چیت دەوێت ئەوەندە بێزار بوویت لە سەربازی ئەوا ئیدی ماوەیەکی دیکە تۆش وەکو من فیرار دەکەیت، دەی وا فیرارییەکەشمان مسۆگەر کرد، پێم بڵێ کامە ناسنامە هەڵدەبژێری بۆ ئەوەی بۆتی ساختەنووس بکەین، ئەمەی گوت و لە دەهریی بوونمان قاقا بەو گاڵتە جاریە پێدەکەنین، کەخۆمان بەشێکی نەپچڕاوی بووین...

سەیرە کوڕەکەم... کاتێک ژیانت بەشێکی نەپچڕاو دەبێت لە

گاڵتەجاڕیەک لە دەرەوەی ئیرادەی تۆ یاری خۆی بکات، لە دەرەوەی هەموو هێزە مرۆییەکانی تۆ چارەنووست هەڵسووڕێنێ. سەرەتاکانی جەنگ ئاسودەگیی تێپەڕبوو بوو بۆمن، بەوەی کەهەر دەبێت هەڵبێم و ئێستا حونجەتێکم هەیە بۆ هەڵهاتن، جگەلەوە لە خۆمم دەپرسی بۆکێ و بۆچی بجەنگێم ؟، ئەمانە وەڵامەکانی ئاشکرا و دیار بوو، بەڵام ئەم وەڵامە لای ئامۆزایەکەم لەنێو تەمومژێکی سەیردا خۆی هەڵدەسووڕاند، ئەو نەیدەویست بڕوا بەوە بکات کەئەم جەنگە لەناوی دەبات، وەک هەموو جەنگێکی دیکە نێزیکی دەخاتەوە لەو مەرگەی ئەو وەک نەگبەتیەک و گۆشت پیسییەک بەدرێژایی تەمەنی باسی لێوە دەکرد!!. سەیر بوو ئەو وازی لەو بڕوایەی هێنابوو، کەنەگبەتیەک، قەدەرێکی تێکەڵ بەزەمەنێکی ناجۆر، یاخود تێکەڵ بەڕێکەوتێکی سەیر و لە زەمەنێکی تایبەتدا کە جیهانی شتەکان و مرۆکان لەو قەدەرەدا یەک دەگرنەوە و مەرگ یاوەکو نەهامەتیەکی مرۆیی بەرهەم دەهێنێ، چاوەڕوانی دەکات.

ئەو وەک ئەوەی مەست و خومار بووبێت بەقەدەرێک کەتازە ناتوانێت لێی دەربازبێت، ئاوەها بەخوماری و بێ باکییەوە گاڵتەی بەو هەموو قسانە دەهات کەخۆی سالآنێک لەمەوبەر کردبووی، دەتوانم بڵێم بەدرێژایی تەمەنی وەک گیاکەڵەیەکی ڕەش لەسەر دڵی گەورەی کردبوو، تائەو ساتەی ڕیالستێکی وەکو من بڕوای پێ بکات!!، بەڵام ڕۆژەکانی جەنگ کوڕەکەم، ڕۆژەکانی ژیانن لەنێوان خورافە و ڕیالیستیدا، شتێکن لە هەڵمی جەهەنەم و لەسەر زەوی خۆیان ڕادەکێشنەوە، بەجۆرێک، بڕوابوون بەخورافە دەبێتە ڕیالیست بینینێکی تیژ پەڕ!!، مرۆ دەخاتە کەنار بەئاگابوون لە وردەکاریەکانی جیهان، خورافە و قەدەریەت کوڕەکەم یاسای جەنگە جەهەنەمیەکانی مرۆیە. لەم بڕواجێگیریە ناجۆرانەوە، من و



ئامۆزایەکەم خۆمان بەسەر ڕایەڵەکانی گفتوگۆی بێ هودەوە ئیشک دەکردەوە. من تێم گەیاند کەتاوەکو ئێستا قسەکانی هیچ جۆرە پۆزشێکی نەبووە، بەڵام ئێستا و لە ئەگەری پێکدادانی سوپا زەبەلاحەکان، باسکردن لە مەرگ و ڕێکەوتی ناجۆر شتێکە جۆرێک لە ڕیاڵتێتی بەخۆیەوە وەردەگرێ، من ئامۆژگاریم کرد چیدی نەچێتەوە بۆ بەتالیۆنەکەی کە لە خوارووی عێراق بۆ پێکدادانی داهاتوو لە ئامادەباشی دان، ئەو بەپێچەوانەوە تووشی جۆرێک لە گەشبینی بوو بوو!!، بەوەی ئەو قسانەی لەوەو بەری وەهمێکی زەمەنی منداڵی و ترس بووە لەو جنۆکانەی نەنکە گەورەمان بۆ ئەوەی لەنێو جێگەدا کڕبین، بۆی باس کردووین، ئەمجارەیان هاوکێشەکە قلْپ بوو بووەوە، من بووم بەئەو و ئەویش بوو بوو بەمن، من بووم بەبەشێک لە قوڕی خورافە و ئەویش بوو بەواقیعبینێکی تیژپەڕ، وێنەی منیش وێنەی پیاوێک بوو، کە کەللەسەری پڕێتی لە واهیمەی جۆراو جۆر. هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو ئامۆژگاری دەکردم بەزووترین کات پەیوەندی بکەمەوە بەبەتالیۆنەکەم، چونکە ئەو لەو بڕوایەدابوو کە ئیدی ئەمریکاییەکان واز لە سەدام دەهێنن لە کوێتدا بمێنێتەوە، بەبڕوای ئەویش ئەگەر ئەوان بەوە ڕازی نەبوونایە سەدام و سوپای عێراقی نەدەچوونە کوێتەوە... زیاتریش لەبەردەم باوکمدا تیۆریەکەی خۆی دووبارە دەکردەوە و دەیگوت ئێستا بۆمن فرسەتێکی باشە، لەبەر ئەوەی ئەم شەڕە ڕوونادات و لەدوایشدا بەهۆی بەشداریکردنم لەم شەڕەی کوێتدا، ئەگەری دامەزراندم لە سەرووی هەموو یەکێکەوە دەبێت کەخۆی بەدڵسۆزی حکومەت دەزانێ. ئەو بڕیاری دا دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەی بگەڕێتەوە بۆ بەتالیۆنەکەی، منیشی لەنێوان شەڕی بەردەوامی باوکم جێهێشت بەوەی کەئەویش کەوتبووە ئەو بڕوایەی کەشەڕ هەرئەوەندە بووە کەکوێت گیراوە و ئیدی دبلۆماسیەت کاری خۆی دەکات و ئەوەشی کەزەرەرمەند دەبێت ئەوانەن لەم

شەڕە ڕایانکردووە و سبەینێ لە زیندانەکاندا بێ سەر و شوێن دەکرێن. ئامۆزایەکەم هەموو ئەو بیرکردنەوانەی پێشووی تورِ هەڵدابووە پشت خۆی بۆئەوەی ژیانێکی نوێ دەست پێ بکات کەخۆشی نەیدەزانی چۆن ژیانێک دەبێت.

بەداخەوە ڕۆژەکان کورتخایەن بوون و لە هەمان کاتیشدا ئاسوودەگییەکی سەیریشی لە نێوانیدا هەڵگرتبوو، هاوڕێکانم کەبەهۆی سەربازی لە یەکتری دوورکەوتبووینەوە، وردە وردە وەک خێو و سێبەری کۆنینەی لەبیرکراو تاک و تەرا لەسەر شەقامەکانی شار دەردەکەوتنەوە، سەردانیان دەکردم، بەتەلەفۆن قسەمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، ئیدی شار پڕ بوو لە سەربازی هەڵاتوو، ئەمەش زیاتر باوکمی هێور کردبووەوە وەک جاران باسی لە گەڕانەوە و خۆ تەسلیمکردنەوە نەدەکرد، ڕووداوەکانیش وادەهاتنە پێش چاو کەشەڕێکی بێ ئامان لە ئاسۆگەدا سەمای خۆی دەکات، ئەو کاتە ئامۆزایەکەم لە بەرەکانی جەنگ بوو، کە بۆ ماوەیەکی کورتیش گەڕایەوە، چیمان لەگەڵدا گوت سوودی نەبوو، ئەو تازە بڕیاری دابوو دوای قەدەری خۆی بکەوێت، من لە هەمووان زیاتر ئەو ترسەم لەلا ئاشکرا بوو، بێگومان بەپێی ئەوەی ساڵانێکی زۆر پێکەوە هاوڕێ بووین، ئیدی ئەو لە بەرامبەر قەدەری خۆیدا چەکەکانی دانابوو، چیدی ئەو یەکێک نەبوو بتوانێ ڕێگە بگرێت لە نەگبەتیەک، ناجۆرێک، ڕێکەوتێک لە زەمەنێکی ناوەختدا، بیرکردنەوە لەم مەسەلەیە بەردەوام دەیترساندم... ئەو چیدی ئەو شۆڕشگێڕە نەمابوو بەرامبەر ئەو سێبەرە بوەستێ کە بەهێمنیەوە لە پێشەخۆی هەنگاوی دەنا، بۆ یەکەم جاریش بوو من هەست بەو سێبەرە بکەم، هەست بکەم تازە درەنگوەختە بۆ لێک جوداکردنەوەی ئەو سێبەرە لە جەستەی، لێک جوداکردنەوەی قەدەرێک، ئەو دەمێکە لە منداڵییەوە هەستی پێ



کردووە و بینیویەتی، پێ دەچوو ئەویش کەوتبێتە ئەو بڕوایەی کەئیدی ئەو نەگبەتیە ناجۆرەی لێ نابێتەوە، بێ باکیەکی پێوەدیاربوو، زیاتر وەک ئازایەتیەک دەردەکەوت، بەڵام لە ناخدا هەستکردنێک بوو بەگەیشتن بەلێوارەکانی کۆتایی...

من ئەو ڕۆژانە دەستم لەسەر دڵم بوو، تاکە نهێنی نێوان من و ئەو، ئەو قەدەرە بوو کەهەردووکمان دەمانبینی، ئەو لەپێش منەوە و منیش بەدرەنگ وەختی، کاتێک بوو ئەو قەدەرە بەتەواوەتی خۆی لە جەستە و ڕۆحی ئامۆزایەکەم ئاڵاندبوو، ئەوە ئەو زەمەنە بوو کە دیوارێک نەمابوو بەتەنیشتیدا تێپەڕ بیت بۆ ئەوەی ئاگری جەنگت بەر نەکەوێت. جەنگێک گەنجێتی دەکات بەنەگبەتێکی پیس و پەککەوتەیی و کەم ئەندامی دەکات بەنیعمەتێکی خودایی!!، زۆر کات هەبووە ئیرەییمان بەوانە بردووە لەم جەنگە و لە سەربازی و کێشەکانی قوتاریان بووە، ئەوانەی کەم ئەندامن یاوەکو لە تەمەنی سەربازیان تێپەڕ کردووە، بێگومان ئەوانەش بەزۆری ئەو کەسانە بوون لە سەروو پەنجاساڵییەوە بەرەو دارستانەپایزییەکانی تەمەن هەنگاویان هەڵدەهێنا... ژیانمان ئاوەها بوو کوڕەکەم... جۆرێک بوو لە بێ مانایی جەنگێک، لە بێ ماناییەوە هەڵگیرسابوو و لە بێ ماناییشدا کۆتاییيان پێ دەهات و دیسانەوە دەستیان پێ دەکردەوە و لە بازنەیەکی شەیتانیدا خۆیان دووبارە دەکردەوە... ژیان ئەو زەمەنە جۆرێک بوو لە کەرایەتییەکی مرۆیی، خۆی بەسەر تەنافەکانی قەدەری مرۆکاندا شۆڕ دەکردەوە... ڕۆژەکان جۆرێک بوون لە ژیان لەنێو مردنێکی دووبارە بووەوە.

## ٦

شەڕ هەڵگیرسایەوە و لە نیوەشەوێکی زستاندا دەنگی ئاژێرەکان هەموو شاری وەئاگا هێنایەوە، شەڕێک سوپایەکی هیلاک و برسی دەیکرد لەپێناو خەونەکانی دیکتاتۆرێک لە کەنار خەڵەفاوی و بوون بەکاریتۆریەتدا بوو، دیکتاتۆرێک هەمیشە کە لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی دەکرد، وێنەی موجاهیدە دوورەکانی عەرەبی لە خۆیدا دەبینی، ژەنەڕاڵێک بوو یەک ڕۆژ چییە لە ژیانیدا خزمەتی سەربازی نەکردبوو، پۆستاڵێکی سەربازی قورسی جەنگاوەرانەی لە پێ نەکردبوو، ژەنەڕاڵێکی مەدەنی بوو لە جلی وەهمیی ژەنراڵێکی سەربازی خەڵەفاودا، خەونی بەخەلافەتێکەوە دەبینی لە عێراقەوە دەست پێ بکات تاوەکو ئەو سەری دنیا..ئێمە کوڕەکەم تاوەکو کاتی ئەم دانپێدانانەم لەژێر سێبەری ئەو پیاوە خەڵەفاوەدا ژیا بووین، گەر ڕقیشمان لێ بووبێت، ئەوا ئەو خەڵەفاوە توانیویەتی بەشێک لە وەهمەکانی خۆیمان پێ ببەخشێ، بەشێک لە شێتاتی خۆی، لە بارانۆیای خۆی، لە دەست هەڵبڕینەکانی و سەلام کردنی، بەشێک لە لەرزینی جەستەی کاتێک بەو پەڕی فیزەوە پێدەکەنی، ئێمەش زۆر جار بەبێئاگا وەکو ئەو پێکەنیوین، وەکو ئەو سڵاومان لە هاوڕێکانمان کردووە، تەنانەت وەکو ئەویش سەیری نەیارەکانمان کردووە، ئێمە لەژێر سێبەری کوشتنێکی بەردەوامدا گەورە بووین، کوشتنێک خۆمان قوربانی و هەر خۆشمان



جەلادی خۆمان بووین، ئەو پیاوە کۆبوونەوەی هەموو ڕق و بیرەوەریە پیس و کینە و شۆفێنیەت و ڕەگەزپەرستی و کرۆکی هەموو زۆرانبازیەکانمان بوو، ئەو بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاوێنە بوونی هەمووان بوو، کەتاوەکو ئێستاش سێبەرەکانی لەم مەنفایە بەدوومانەوەیە، درێژبوونەوەیەکە لە شێوەی ڕقێک، یاوەکو پەستیەک کەخۆشمان نازانین لە کوێوە سەرهەڵدەدا و لە چ خاڵێکی بێ مانای زۆرانبازیدا دەتەقێتەوە بەڕووی ئەویتردا. ئێمە کوڕەکەم... کوڕە نارەحەتەکانی ئەو پیاوەین کەهەم جەلادیشمانەو هەم قوربانی ئێمەشە، قوربانی ڕقە بچوکەکانی ئێمەیە لە خودی ئەودا کۆبۆتەوە، ئێمە کوڕەکەم...

ڕۆژەکان زوو تێپەڕین، هەر لە گەڕانەوەی سوپای عێراق بەتێکشکاوی، هەر لەو کاتەوەی سەربازێکی هیلاک و پەست لە تانکەکەیەوە، بێزار لەو هەموو شەڕە بێ هودە و هیچیە، بێزار لە خۆی وەک مرۆڤێک لە نێو بێ مانایی جەنگ و برسێتیدا، بێزار لە ئاسمان و زەمین و خوداوەندێک کە تەنها نیعمەتی شەڕ و جیهادی پێ بەخشیوین، بێزار لە هەموو شتێک، لە ساتێکی پەستیدا، لە ساتێکی هیلاکیدا لولەی تۆپی تانکەکەی کردە وێنەی سەرۆک و ژەنەڕاڵی نەمر و بەیەکەم تۆپ وێنەکەی هەڵدا بەئاسماندا و پارچە پارچە بوو، لەگەڵیشیدا ملیۆنەها خەڵک چوون بەحەوادا و ئیدی لە ساتی تەقینی تۆپی ئەو سەربازەی کە مێژوویەکی گۆڕی و ئێستاش کەس نایناسێ!!... ڕاپەڕینێک دەستی پێکرد، جۆرێک بوو لە پەستی چەندەها ساڵ، ئیدی کەللەی شەق بووی تۆڵە سەندنەوە، فەردەئاردی خوێناوی و تاڵانی و جەردەیی و شۆڕشگێڕی و خەونی ناسیونالستی و ڕۆمانسیەتی کۆمۆنیزمانە بەسی و پێنج کاتژمێر کار و دووڕۆژ پشوو لە هەفتەیەکدا لە وڵاتێکی بێ کاردا!!، تێکەڵی یەکدی بوو بوون،

بۆشاییەکی ترسناک بوو بۆ ئازادی لە هەموو شارەکاندا گڕی دەسەند، هەر دەزگای حکومی بوو تالاّن دەکرا، هەر کەللەسەربوو دەپەڕێندرا، لەوانەیە بڕوا نەکەی کوڕەکەم ڕقێکی کوێر لەم شارەدا وەک ژنێکی عەیاری مەمک ئەسمەری بەئالّۆش بەجلی خوێنینی هەوەسەوە لەسەر شەقامەکان سەمای دەکرد، ڕقێک لەزەتێکی کوشتن و تۆڵەی سالاّنی چەوساندنەوەی دەهاروژان، تێکەڵ بوو بەلەزەت لە شەقکردنی سەری نەیاران، شار پڕی بوو لە تفەنگ و قەمە و ڕومانەی دەستی و ڕق و هەلهەلە و لەزەت و شەڕی سەر جادە و تالاّنی و سەما و تێکەڵ بوونی ڕەنگی خوێن بەڕەنگی خەون، تێکەڵبوونی گورگی هاری نێومان بوو بەسەمای بەتالّی ئەو خەونانەی لە شەو و ڕۆژێکدا و لەگەڵ تەقاندنی تۆپی ئەو سەربازە نەناسراوە هورووژمی هێنا، ئیدی دەمانەویست، هەموان لە شەو و ڕۆژێکدا ببین بەوەی خەونمان پێوە بینیووە، هەمووشمان بێ ئاگا خەونمان دەبینی ببین بەسیاسیی چاک، ببین بەسەرۆکی ئەم سەر و ئەو سەری شار و ناوچەکان، ببین بە(ئەدیبی گەورە و سیاسی گەورە و باوکی گەورە و تەماتە فرۆشی گەورە و موجاهیدی گەورە)، ڕاپەڕین دوا هیستریای شێتانەی خەونە بەجێماوەکانی دیکتاتۆر بوو.

لە هەرا و زەنایەی تێکەڵبوونی ڕووداو و خەونەکان، دوای ئەوەی هەموو شتێک ڕووخا و شتێک نەمابوو پێی بلّێن دەزگای حکومی، ئامۆزایەکەم لە شوێنک بوو، لە پەنا دیوارێکی هێمنی نەبینراوی ئەم دنیایەدا ڕێی دەکرد کە تەنها خەراباتی مابوو، ئەو تاوەکو کۆڕەو و پەڕینەوەمان بۆ بەری ئێران لە نێو سوپایەکدا سەرباز بوو کەبوونی وەکو دەزگا نەمابوو!!، لەو هەرایەدا من بیرم لەو دەکردەوە، لەو قەدەرە ناجۆرەی، لەو نەگبەتییەی، لەو زەمەنە تێکچڕژاوەی هەموو تەمەنی لەنێویدا گینگڵی دەدا، ئەو لەو



هەرا و زەنایەدا بەهێمنی و بێ باکییەوە ژیانێکی بەسەر دەبرد، ژیانی سەربازێکی پابەند بەهەموو زەبت و ڕەبتێکەوە، تاوەکو ئێستاش نازانم چۆن و لە چ یەکەیەکی سوپای عێراقی ئەو کاتەدا، ئەو جۆرە ژیانە هەبووە!، بەمەرجێ لە هەمان کاتدا یەک ملیۆن سەرباز چەکیان دانابوو، هەزارەها یەکەی سوپا هەڵوەشابووەوە، چ موجیزەیەکە لەو هەڵوەشاندنەوەیەدا یەکەیەکی سەربازی یاوەکو تەنانەت مەفرەزەیەک هەبوو بێت پلەکانی وەزیفی مۆڵەت و زەبت و ڕەبتی تێدا پارێزراو بێت!!، ئەمە بەشێک بوو لەو خورافە و شێتاتیە کە سەلمێندرابوو، خورافەیەک ئامۆزاکەم دەیتوانی بەئاسانی بیسەلمێنێت، بەوەی بەمۆڵەتی ڕەسمی سنووری ئێران – عێراقی پڕ هەرای کۆڕەوی پەڕاندەوە و هات بەدووی ئێمەدا، ئەو دەستی کرد بەگیرفانیدا و سەیرێکی منی کرد و مۆڵەتی دە ڕۆژەی خۆی نیشان داین...

سەیر لەوەدا بوو ئامۆزایەکەم تاکە کەس بوو لەنێو هەزارەها گەنجدا بەسەربازی مابێتەوە و بەمۆڵەتی ڕەسمییەوە هاتوچۆی دەکرد، بەمەرجێ هەموو دەزگا حکومییەکانی عێراق بەحکومەتیشیەوە لەنێو هەڵوەشاندنەوەی ئیداری و هەیکەلیدا مامەخولەیان بوو، وەک خانووی وەرقەی قومار دەرمان و هەڵدەوەشانەوە، یەکەم دەزگاش سوپا بوو کە لە ئەنجامی شەڕی دۆڕاویدا هەڵوەشاندنەوەی بەخۆیەوە بینی، کەچی ئەو بەنێو ئەو هەڵوەشاندنەوەیەدا وەک سێبەرێکی نادیار، وەک پالّەوانێکی بێ باک، بەنێو دارستانێکی سووتاوی پڕ ئەژدیهادا هەنگاو بنێت، ئاوەها بەرێکو پێکی هەنگاوی دەنا، من لەو زەمەنەدا زیاتر بڕوام بەو زەمەنی خورافەیە دەهێنا کەڕۆژەکانی ئەو، بەڵکو هەمووانی پێکهێنابوو.

زەمەنی خورافە کوڕەکەم نهێنیەکی ئێمەی ڕۆژهەلاّتییە، تێکچڕژانێکی

ڕۆژانە ژیانە لەنێو چەند وێنەیەکی دیکەدا، کەلەوانەیە لە خەونەوە خۆیان شێوەبەندی بکەن، یاخود لە پڕێکدا لەنێو هزردا خۆیان پێکبهێنن و ببن بەڕیالێک کە دەتوانی بیسەلمێنیت، زەمەنێکی جیاوازە لە نێو سێبەری خۆتدا سەما دەکا، لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری ڕۆژێکی نوێ ژیانی چەندەها کەس دەگۆڕێ، شتەکان ئاوەها بوون کوڕەکەم، لەپڕ زەمەنی خورافی دەبوو بەزەمەنی ڕاستەقینەیی و زەمەنی حەقیقەتیش دەبووە زەمەنێکی لەبیرکراو... ئەو سەربازەی لە بێزاریی خۆیدا، لەوانەیە لە هیچ خەمێکی سیاسیانەوە نەبێت، گوللە تۆپێک دەنێت بەوێنەی دیکتاتۆرەوە، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت ملی سەدەیەک بادەدا و دەیخاتە بەردەم ڕۆژێکی نوێ. لە هەراسانی خۆیەوە بووە، یاوەکو لە هیلاکی جەستەیەوە، یان لە توڕەیی و لە برسا بووبێت، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، بێ ئەوەی بزانێت کە بەم کردەیەی خۆی، زەمەنێکی ڕیالستی نوستووی خستە بەردەم دەرگاکانی خەونبینین بەداهاتوویەکی دیکە، هەر وەک ئەوەی ئەو ڕێکەوتە خورافیە چاوەڕوانی ئەو بووبێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو، سەدەیەکی دیکەی مێژوویی دەست پێ بکات، ئەمەش پارادۆکسیەتەکانی مێژووە. خۆ لەو کاتەدا چەندەها کردەی ئاوەها لێرە و لەوێ، لەو فەوزا و قەرەباڵغی ڕووداوانەدا ڕوویداوە، بەڵام دەبێت شتێک ڕووبدات کەلەگەڵ زەمەنی خورافەی ئێمەدا یەک بگرێتەوە، خورافەی هەمووان، سێبەری هەمووان بهەژێنێ، چاکتر وایە بڵێم خورافە ڕیالیزە بکات بەمۆرکی جوڵە و هەمووان بهەژێنێ، لەو ساتەدا هەمووان سەدەیەک ترس لە بەری خۆمان دادەکەنین و دەرگاکان دەشکێنین، بەوەش زەمەنێکی خورافی لە ڕێکەوتێکی ئاوەهادا خەونی ملیۆنەها دەهاروژێنێ.



## ٧

چەندەها مانگ تێپەڕی و ئیدی ئاژاوە و سێبەری شەڕ لە پاشەکشێدا بوو، ئامۆزایەکەم بەڕەسمی و بێ کێشە لە سەربازی قوتاری بوو لەبەر هۆیەکی زۆر ئاسان، چونکە سوپا لە ناوچەکانی باکووری عێراقدا بەکردەی بوونی نەمابوو، ئەمە جگەلەوەی گەمارۆی ئابووری وای لە حکومەتی عێراقی کردبوو سەربازەکانی پێ بەخێونەکرێت، زۆر جاران ئەوسەربازانەی لەسەر خەتی ئامادەباشیدا بوون بۆ گرتنەوەی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی میلیشیا، بەبەر چاوی فەرماندەکانیەوە بەمەنجەڵی ڕەشەوە دەهاتن بۆ نێو شارۆچکەکان و لە دەرگایماڵەکانیان دەدا، لەم جۆرە ژیانەدا، ئامۆزایەکەم بەگەڕانەوەی بۆماڵەوە کە لە شارۆچکەیەکی سەر سنووری عێراق و ئێران بوو، ئاسوودەگییەکی زۆری پێ بەخشیم، هەردووکمان هەستمان دەکرد کە ئیدی دابەزین لە شەمەندەفەری خورافە دەستی پێکرد و کاتی بەجێهێشتنی وێستگەکەشی نێزیک بۆتەوە...ماوەیەک تێپەڕ بوو و لە خزمەکانمەوە هەواڵی نیازی ژنهێنانی ئەوم بیستەوە، لە خۆشییاندا پێکەنینم بەو بیرۆکە ڕەشانەی هەردووکمان دەهات کەساڵانێکی زۆری تەمەنمان پێکەوە خۆمان پێوە خافڵاندبوو...

## ٨

من و هەموو خێزانەکەشم ئەو عەسرە شومەمان بیر ناچێتەوە کە یەکێک لە مامەکانم خۆی کرد بەدالآنە درێژەکەدا و بەدەموچاوێکی تێکشکاو و غەمبارەوە داوای لە دایکم و براژنم کرد سواری ئۆتۆمبێلەکەی بن، لەبەر ئەوەی یەکێک لە ئامۆزایەکانم لە شاخ بەربۆتەوە و قاچی شکاوە، من لەو ساتەدا زانیم کێیە ئەو کەسەی کەوتۆتە نێو کەلێنی ڕەشی زەمەنێکی ناجۆرەوە، بەڵام لەو ساتەدا دەمویست بڕوا بەمامەم بکەم، من دەبوایە لە ماڵ بمێنمەوە، بەڵام هێزێکیش لەنێومدا بەتوندی دژی ئەو بیرۆکەیە دەوەستایەوە کە ساڵەهایە من و هاوڕێی تەمەنم پێکەوە باسمان لێوە کردبوو، ئەو ترسەی کەوتنە نێو نادیارەوە، کەوتنە خوارەوە بۆ نێو زەمەنێکی دیکەی خورافی، کە تەنها نقومبوون و خنکانە لەنێو زۆنگاوی قوڕی ڕەشی خورافە، بەریەک کەوتنی زەمەنی شتەکان و زەمەنی مرۆکانە لە ساتێکی نادیاردا کە مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونیدا لەنێو خۆیدا گەورەی دەکات و وەک دووپشک لە گەورەبوونیدا هەموو بوونێکی جەستەی ئەویتر، ڕاپێچی عەدەم دەکات... ئەم بیرۆکەیە، ئەم سێبەرە کە جارجارە دروست دەبێت و ون دەبێت و خۆی دروست دەکاتەوە و دیسانەوە خۆی وێران دەکات و سوڕ دەخوات لەنێو بازنەی دنیاکانی خۆیدا، ئەو سێبەرە بوو بەتەواوەتی لەنێو دالآنە بەتاڵە غەمگینەکەدا سەمای دەکرد، بەتایبەت



دوای ئەوەی دایکم و براژنم چوونە نێو ئۆتۆمبێلەکەوە، مامەم بەفرسەتی زانی و خۆی کرد بەمزگەوتەکەی لای چەپی ماڵەوەمان، کە هاتەوە چەند مەترێک خامی سپی پێبوو، بەپەلە خستیە سنووقی پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەی، موچڕکەیەکی ئاوەها بەلەشمدا هات کە تاوەکو ئێستاش لە خەونەکانمدا و لەم مەنفای ڕۆحەدا بەدوومەوەیە و هێشتا خۆی لە نێو دەمارەکانمدا سوڕ دەدا. پێش ئەوەی مامەم سواری ئۆتۆمبێلەکەی بێت هێنامە ئەولاوە و لە نێو هەموو کوڕەکانی مامە گەورەمدا زانیم کێ لەوان کەوتۆتە نێو کەلێنە ڕەشەکانی مەرگی ناوەختەوە، کەپێم گوت ئەزانم کێیە، سەری سوڕما، لەگەڵ ئەوەی چەند کاتژمێرێک لەمەوبەر ئەو کارەساتە ڕوویدابوو، هیچی نەگووت و بەپەلە پێی نا بەبەنزیندا و ون بوو...

کارەساتەکە لەوە ئاسانتر بووە کە چەندەها ساڵ هەردووکمان چاوەڕێمان دەکرد، مەبەستم ئەوەیە، مەرگێکی ئاڵۆز و تراژیدی نەبوو بەقەد هێندەی کتوپڕی و سەیرگەرایی ئەو مەرگە زیاتر ئازاری خستبووەوە دڵی هەمووانەوە، دیارە وەک هەموو مەرگێکی ناوەختە مرۆ دەڵێت: ئاخ... گەر تۆزێک خۆی دوا خستایە، یاوەکو لەوانەیە یەکێکی دیکە بڵێت گەر چوار هەنگاوی دیکە دوور بوایە، یاوەکو: گەر ئەو لە ماڵ نەهاتایە دەر... ئەمە و زۆری دیکەش ئەو ئازارانەن لە شێوەی خۆزگەیەک خۆیان دەردەبڕن بۆ گەڕانەوەی ساتێکی بەسەر چوو، چاکتر وایە بڵێم بۆ گەڕانەوەی زەمەن بەپێی ویستی مرۆکان، بەڵام ئەمە تەنها وەک خۆزگە لە هەوادا سوڕ دەخوا و هیچی تر.

هەمووان باسی ئەو بەیانیەیان کرد، کە ئامۆزایەکەم لە هەموو ڕۆژەکانی تەمەنی بەختەوەر دیاربووە، ئەوبەیانیەی ماوەیەکی زۆری بەسەربردووە بەڕیش تاشین و قۆڵۆنیا لەخۆدان، لەگەڵ ئەوەی کارێکی زۆری لەبەردەمدا

بووە، دەبوایە بۆ چەند کاتژمێرێکی دیکە لەنێو دێراوە توتنەکاندا دێراو هەڵبەستێت و لەبەر خۆری سووتێنەردا ئارەقە بکاتەوە، بۆ یەکەم جار بووە لە تەمەنیدا لەبەر خۆیەوە، تۆزێک بەدەنگی بەرز گۆرانی بڵێت، ئەوێک هەمیشە پارچەیەک بوو لە بێدەنگی و لۆجیکی ڕۆژانە ژیان، مامەم کەدوای مەرگی ناوەختەی ئامۆزایەکەم وەک کۆتەرەدارێکی خەمبار لەژێر نەخۆشی دڵ و نیمچە شەلەلیدا دەیناڵاند، ئەو ڕۆژە ڕای وابووە کەباسکردنی دوێنێ شەویان بەوەی دەبێت ژن بهێنێت و وەک کوڕە گەورە خێزان پێکەوەنێت، هۆکاری ئەو گۆڕانە بەرچاوەبوو. ئەمانە هەمووی لە ڕۆژێکی زێدەگەرمی مانگی جۆزەرداندا ڕوویدا، ئەو ڕۆژەی پلەی گەرما زۆر نائاسایی بەرزبووبووەوە، هەر وەک ئەوەی ڕۆژێکی قوڵی چلەی تەمموز بێت، ئەو ڕۆژە مرۆڤ هەستی بەو سەراب و هەڵمە نائاساییە دەکرد لە زەوی و بەردی ڕەقی شاخ و دۆڵی ناوچەکە بەرزدەبووەوە، لەو ڕۆژە چووە کە یەکێک لە نەنکەکانمان ماری پیری شاخداری بینیبوو دەبارێنێ و فریشتە ڕەشەکان لەگەڵ خۆیاندا بەرەو ئاسمان بەرزی دەکەنەوە، ، ئەو ڕۆژە تێکەڵەیەک بووە لە خەونبینین بەدوا ڕۆژ و گەرمای ناوەخت و خورافەیەکی بەرزبووەوە لەنێو سەرابی تەنکی گەرمای چلەیەکی لەپڕ داکەوتوودا.

ساتەکانی مەرگی ئامۆزا بێ دەنگەکەم ساتەکانی پێش هەڵکشانی ماری شاخداری نێو هەڵمی چلەیەکی لەپڕی خۆرێکی سووتێنەری نێوەڕاستی مانگی جۆزەردان بوو، ئەو ڕۆژە من وەک زگورتییەکی ئەبەدی نقومبوو لەنێو خەیاڵاتی تەمەڵی ئەو ڕۆژە گەرمە، ڕۆمانێکم دەخوێندەوە، نازانم هی کامە ڕۆماننووس بوو، ناشزانم لە چ بەشێک و لە چ دێڕێکدا هەڵوێستەیەکی لەپڕم کرد، کەهەستم کرد شتێک لە نێو بێدەنگییەکی لەپڕی حەوشەکە و لەسەر چیمەنتۆی سووربووەوە بەگەرمای ناوەختی خۆری



ڕۆژێکی سەوزبوو لەنێو بیرەوەری لەدایکبووی ئەوساتەدا، لەسەر سەبەی چیمەنتۆی گەرمی ئەو ڕۆژەدا بەپێخاوسی پیاسەی دەکرد و بەدوودڵی و پەلەپڕوزێوە لەسەر یەک هێڵی ستوونی دەهات و دەچوو، شتێک بوو نەبینراو لەنێو هەڵمی گەرمی ئەو ڕۆژەدا خۆی درێژ دەکردەوە، نیگەران و پەست و پەلە بوو، نادیاربوو لە ئاستی بینیندا، بەڵام خیزەی هەناسە سواربووەکانی، هەناسەکانمی توند دەکرد، شتێک لە شێوەی پیاوێکی نیمچە ڕووت، بەپەلە، ڕەنگ ئەسمەر و جێماوەی هێمنیەکی کۆنیەی پێوەدیاربوو، بەسەر سەبەی چیمەنتۆ سوور بووەکەی حەوشە پان و پۆڕەکەی نێوان هەردوو هەیوانە بەرامبەریەکیماڵەوەمان دەهات و دەچوو، تاکەکەس کەهەستی پێ دەکرد من بووم، لەسەر سەکۆی هەیوانەکە دانیشتم و بەهێمنیەوە سەرنجم لەو دوودڵی و هیلاکیە دەدا کە لە ونبوونی شێوەکەی لەنێو هەڵمی نادیاری گەرمای ئەو ڕۆژە ناوەختە خۆی دروست دەکرد و ون دەبوو، خۆی دروست دەکرد و پەرش دەبووەوە، تاکە شت هێزی نوێ دروستبوونەوەی دەدایێ، ئەو هەناسەبڕکێ و خیزەی سنگەی بوو، کە لەنێو سێیەکانی منەوە بەردەوامی پێ دەبەخشی... ماوەیەکی زۆر سەرنجی ئەو پیاوە نیمچە ڕووتەم دا بەنێو هەڵمی نەبینراوی گەرمای ئەو ڕۆژەدا، بەشپرزەییەکی سەیرەوە، بەپێخاوسی بەسەر سەبەی چیمەنتۆی حەوشەکە دەهات و دەچوو، دواجار تاوەکو پەڵە ڕەیحانە ڕەشەکانی دایکم هەنگاوی نا، لەجیاتی بگەڕێتەوە بۆنێو هەمان شوێن، ئاوڕێکی لێ دامەوە و بزەیەک گرتی، زانیم ئەوە، سێبەری ئامۆزایەکەمە، خۆی لەنێو پەڵە ڕەیحانەکان شۆڕ کردەوە و وەک دەنکە ئاونگ پەرش بووەوە.

تاکە شت هەستم پێکرد و تا ئێستاش لەنێو سیەکانمدا پەنگی خواردووە و تووشی تەنگەنەفەسیەکی بێ چارەسەری کردووم، ئەو هەناسە بڕکێ و

خیزە خیزە شپرزیەیە، کەتاوەکو ئێستاش هیچ خەستەخانەیەکی ئەم مەنفایە هۆکارەکەیان نەدۆزیوەتەوە، هۆکاری بەجێهێشتنی هەناسەی سێبەرێکە سالآنێکە لەپێش یەکێکی دیکەوە هەنگاوی ناوە و بەمیراتی هەناسە بڕکێی خۆیت بۆ جێ دێڵێ...

هەناسە بڕکێی ئامۆزایەکەم لەدوا نیوەڕۆی ئەوڕۆژە گەرمەدا جێگەی سەرنجی مامەمی ڕاکێشا بوو، ئەو مامەی لە تەمەنێکی سی سالآندا بوو، ئەوێک کەسالآنێک لەژێر ئەشکەنجەی زیندانەکاندا تووشی تەنگەنەفەسی بوو بوو، لە نێوەڕاستی ئەو تولە ڕێگە شاخاویەدا هەڵوێستەیەکی کردبوو و بەبرازاکەی گوتبوو: پێ دەچێت تەنگەنەفەسیەکەی منت گرتبێت!!، دوای چەند سالێک بۆی گێڕامەوە و گوتی: ئەو ڕۆژە گەرمە لەتاو گەرمای ناوەخت بەڕێکەوت بەئەوم گوت بۆ نەچین ڕاوەماسییەک بکەین، ئەویش بۆ یەکەمجار بوو ببینم ئاوەها بۆ ڕاوەماسی پەرۆش بێت، خێرا لە بن کەپرەکە هاتەدەرێ و گوتی بابڕۆین. بڕیارمان دابوو گۆمێکی ئاوەها هەڵبژێرین کە تاوەکو ئێستا کەس نارنجۆکی دەستی یاوەکو هیچ تەقەمەنیەکی تێدا نەهاویشتبێت، ئەو شوێنە لەنێوان دووکەرتە شاخی گەورە و پێچێکی لەپڕی چەمی غەمباری سیوەیلە، لەبن کەورگی گۆمە مەنگ و تەنانەت لە شوێنە خوڕەکانیشیدا مەزەندەی ماسیە سوورەی باشی لێ دەکرا. مامەم درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی: ئەوێک کە وەک کەڵەکێوی بەسەر بەرد و ڕێگەی شاخاویدا ڕێگەی دەکرد، لەو ڕۆژەدا هەناسەکانی توند بوو بوو، یەکەمجار وامزانی خیزەی سنگی منە، کەبینیشم لە دوامەوە ڕەنگی پەڕیوە و هەناسەی سواربووە بەگاڵتەوە پێم گوت: چاوت لێیە کەسی مامی، چۆن خوێندنی نێو شارە گەورەکان دەتکاتە شلە شاری توک نەرم، گوتی: لەوساتەدا کردم بەگاڵتە و پێم



گوت: پێ دەچێ لەم تایەفە شێتەی ئێمەدا، تەنگەنەفەسی و ڕەبووش وەک هەڵامەت وابێت... من و مامەم لە هەستکردنێکەوە بەتاڵی بەقسەی ئەو ڕۆژە پێکەنین.

وەک چۆن ئەجندەی سەرکانییەکانی ڕەز و باخەکانی باپیرە، وەک میراتەکی ڕەش لە بەر بەلوعەی ماڵەکانماندا خۆیان قوت دەکەنەوە و نایانەوێت لە قەدەرمان ببنەوە، ئاوەها مامەم ئەو ڕۆژە ئەو خیزە خیز و هەناسە سواریە لەپڕەی ئامۆزایەکەمی لێکداوەتەوە، دوای ئەوەی بەزۆر بزنە ڕێگەی باریکدا ڕێگەدەبڕن و بەسەر زۆر گاشەبەردی زلدا هەڵدەگەڕێن و لە زۆر شوێنیشدا لەتاو ئەوەی لەسەر پوشی تازە زەردبوو نەخلیسکێن و بەرنەبنەوە نێو ئەو بەردانەی لەخوار ئەوانەوە وەک کەڵبەی ڕەشی هەژدیهایەکی برسی دەمی بۆ کردوونەتەوە، لەسەر خۆ و بەبێدەنگی دوای نیو کاژێر ڕێکردن گەیشتنە قەراغ ئەو چەمەی لەنێو ئەو دۆڵ و زنجیرە شاخەدا خۆی پەپک دابوو، لەنێو بەردە زەبەلاحەکاندا شتەکانیان دانا و کەوتنە شێلانی هەویری تی ئێن تییەکە، کە لە عەلاگەیەکی ڕەشیان پێچابوو، کەبسولە و تەرەقەیان لێ بەست، بەڵام پێش ئەوە هەردووکیان سەیری گۆمە مەنگەکانی بن سێبەری کەڵکەشاخەکەی ژێر خۆیانەوە کردبوو، بڕیاریان دابوو ئەو گۆمەی لای چەپی خۆیان هەڵتەکێنن، مامەم بۆ سەلامەتی ئەو بڕیاری دا لەسەر ئەو کەڵکە شاخە زەبەلاحەوە بۆمبەکە فڕێداتە نێو گۆمەکەوە، بێگومان بۆمبێک تەنها هەویرێکی باروتە و دەنگی بۆمبەکە لەنێو گۆمەکەدا ماسیەکان دەکوژێ نەک خودی بۆمبەکە کەتەنها هەویری باروتە و لە کیسەی نایلۆنی تەنک پێچراوە، دەبووایە زۆر دوور لە خوار گۆمەکە و لە دەرەوەی ئاوەکە، چەند مەترێک لە قەراغ چەمەکە ئامۆزایەکەم بوەستێ و دوای هەڵتەکاندنی گۆمەکەش خۆی

هەڵداتە نێو چەمەکە و پێکەوە ماسیە مردووەکان بگرنەوە. ئێستا دەتوانم وێنەی ئامۆزایەکەم بهێنمە بەرچاو. دوور، لە قەراغ گۆمێکی سەوزی عەسرێکی داکەوتووی مانگی جۆزەردان، بەنیمچە ڕووتی و بەهێمنیەوە لە گۆمەکە و گاشەبەردەکانی ئەوبەری ڕوانیووە، بێگومان بیری لە هیچ شتێک نەکردۆتەوە، تەنانەت لە ماسیەکانیش، ئەو ساتەوەختە، ساتەوەختی ڕێکەوتە ناجۆرەکانە لە زەمەنێکدا کە شتەکان و مرۆکان لە زەمەنێکی یەکگرتووی ناجۆردا یەک دەگرنەوە، زەمەنی شاخێک، بەردێک، ماسیەک لەنێو گۆمەئاوێکی سەوزدا لەگەڵ زەمەنی ئەوانی دیکەدا بەریەک دەکەوتن، ڕاوکردنی ماسیەک و مردنی مرۆیەک، وەک دووزەمەن بەریەک دەکەون، لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا و پێش ڕوودان و تێکەڵبوونی ئەم سێ زەمەنە و بەریەک کەوتنیان، بێ دەنگییەکی ناجۆر هەیە، بێ دەنگییەک جیاواز لە هەموو بێ دەنگییەکی دیکەی ئەم دنیایە، کپیەکە تێکەڵی هەستکردنە بەخامۆشبوونەوەی ساتەوەختی هەموو جوڵەیەکی ناوەکی و دەرەکی، ئەو خامۆشبوونە فیگوری ئامۆزایەکەمی نەخشاندبوو، وەک نیشانەیەکی سەر سوڕمان لەسەر خەتی لاپەڕەیەکی سپی خەتدار... خیزە خیزی سنگی هێور بووبووەوە، مامەم گوتی: کە لەسەر کەڵکە شاخەکەوە سەیرم کرد، هەستم کرد لەنێو وڕ و کاسیەکی بێ بندا نقووم بووە، منێک ساتەوەختێک کەبەدەستێک بۆمبەکەم گرتبوو بەدەستەوە و بەدەستێکیش جگەرەکەم لە تەرەقەکە نێزیک دەکردەوە، لەو ساتەوەختەدا هەستم کرد سەرجەم دەنگەکانی ئەو دەوروبەرە نقوومی کپیەکی سەیر دەبن، تەنانەت گوێشم لە دەنگی چۆلەکە و خوڕەی چەمەکە نەبوو، هەر وەک ئەوەی دوو دەستی زەبەلاحی گەورە پاڵم پێوەبنێت، هەستم کرد دەکەومەخوارەوە، هەستم کرد شتێک لە ژێرمدا ڕۆدەچێ، لەو ڕۆچوونەدا بوو هەردوو دەستم لە یەکتری نێزیک بووەوە، بێ ویستی خۆم



تەرەقەکە دوکەڵی لێ هەستا، چار نەبوو، بەپەلە فڕێم دایە نێو گۆمەکەوە، هەڵدانەکەی بەپەلە بوو، بەڵام کەوتە نێو قوڵییەوە، ئەوەندە ئاگام لێ بوو، لەگەڵ ڕۆچوونی ئەو کەڵکە شاخەی ژێرم، منیش لەگەڵیدا ڕۆدەچووم، هەستم کرد شاخەکە دەڕمێ، پێش ئەوەی بکەومە نێو ئاوەکەوە ئەوم بینی بەحەپەساویەوە لە ڕمانی شاخ و لە منیشی دەڕوانی، لە نێو قوڵایی ئاوەکە ئەو کەڵکە شاخە و بەردەزەبەلاحانەم دەبینی بەرەو من نقووم دەبن، نازانم چۆن سەرئاو کەوتمەوە و چۆن لەنێو قوڕاوی لەپڕی ئاوەکە خۆم لە قەراغ چەمەکە وەدەرهێنا!!، بەڵام کەسەیری لای ڕاستی خۆم کرد ئەوم بینی درێژ بووە، بێ هەناسە دەیڕوانیە ئاسمان، لەولای ئەوەوە تاوێرە بەردێکی خوێناوی، نیوەی لەنێو ئاوەکە و نیوەی دیکەی لەسەر لمەکە بوو، کەلێی نێزیک بوومەوە و بانگم کرد، وەڵامی نەدامەوە، کەکردمە باوەشم لاشەیەکی بێ گیان بوو، هەموو پەراسووەکانی سنگی تێک و پێک شکابوو، ئیدی زانیم ئەو تاوێرە بەردە نەعلەتیە بەر قەفەسەی سنگی کەوتووە و لە ناوەوەڕا سیەکانی دڕاندووە، هەستم بەتەنیایی کرد، هاوارم کرد، قیژاندم، بەڵام ئێمە لە چەپەک ترین شوێنی ئەم دنیایەدا بووین، دەبوایە لە قەراغ چەمەکە بەجێی بهێڵم، بەچاوی فرمێسکاوی گریانەوە ماوەی نیوکاژێرم بەنێو ئەو قەدپاڵە سەختەدا بڕی، تاوەکو ئێستاش لە دڵم دەرناچێ، کەبەتەنیا و بەسنگێکی کوتراو و لەپاڵ بکوژەکەی، کەتاوێری ناوەختە بەربووەوەی ئەو ڕۆژە شوومەبوو، جێم هێشت، دەبوایە بەتەنێ جێم نەهێشتایە...

دوای دوو ڕۆژ عەلاگە ڕەشەکەیان دۆزیەوە کەتەنها نیو پەنجە هەویری باروتی تێدا بوو، حەفتا مەترێک لە خوار شوێنی ڕووداوەکە لەنێوان دوو تاشە بەردا گیرسابووەوە، ئەو هەڵمی پرسیارەی لای هەمووان ڕووایەوە

ئەوەبوو، کە بۆمبی ڕاوەماسیەکە ئەو ڕووخانە و ڕۆچوونە لەپڕەی لە شاخەکەدا دروست کردبێ و تاوێرێکی پەڕیوی کردبێت بەبکوژی ئامۆزایەکەم؟!. لەگەڵ دۆزینەوەی عەلاگە ڕەشەکە و بەتەرەقەیەکی نیمچە ڕەش بووەوە، ئەوەمان لا ئاشکرا بووکە بۆمبەکە نەتەقیوەتەوە، خۆ گەر مرۆش سەیری ئەو تۆزە هەویرەی بکردایە و بەراوردی بکردایە بەڕۆچوونی بەشێکی گەورەی ئەو کەرتە شاخە کەزیاتر لە هەزارەها تەن دەبێت و گەورەترین ناپاڵم ناتوانێت تەنانەت بەشێکی بچووکیشی دارمێنێ، ئەو ڕاستیەی بۆدەردەکەوت مەسەلەکە پەیوەندی بەمامە ناوەنجیەکەمەوە نییە کەتاوەکو ئێستاش لە بریقەی چاوەکانیدا هەست کردن بەتاوان دەبینرێت، دۆزینەوەی ئەو عەلاگەباروتە هەموو خێزانەکەی لە کۆڵی هەست کردن بەتاوان و قورسایی، هەست کردن بەتاوان و سێبووریەکی کاتی بەمامەم بەخشی، ئەوەی کەتەنها وەک پرسیارێک مایەوە ئەوەبوو، بۆچی ئەم شاخە زەبەلاحە بەم چەندچرکە ساتە ڕۆچوو، هەمووان گوتیان ڕۆژی لەو شوێنەدا تەواو بووە... بەڵام من لەگەڵ خۆمدا دەمزانی کەئەوە تێکەڵبوونی زەمەنی شتەکان و مرۆیەکە لە ڕێکەوتێکی ناجۆرە، سێبەرێکە لەپێش مرۆڤەوە هەنگاو دەنێت و کەهیلاک بوو لە ڕۆیشتن و جوڵە، زەمەنەکان لە جەستەدا گرێ دەداتەوە، ئیدی بۆ لێکدانەوەی ئەم زەمەنە ناجۆرە، ئەم چوونەدەرەوە لە یاسای ڕێکەوت، ناتوانیت بزانیت کامە جەستەی ماددیە و کامەش وێنەکەیەتی، ئەو ساتە وەختی تێکەڵبوونی ڕابردوو بەئێستا، دووبارەبوونەوەی زەمەنێکی مێژوویییە لەنێو زەمەنی تاکەکەسدا، خەونێکی کورتە کە زەمەنی شت و مرۆ لەو ناجۆریەدا یەک دەگرنەوە، یەکگرتنەوەی جەستەی ماتریاڵی و وێنەکەی خۆیەتی.



## ٩

من لەو زەمەنەدا بیرم لەو هاوکێشەیە دەکردەوە و خۆزگەم بەوە دەخواست کەوێنەی جەستەکان سەربەستتربن لە بوونی مادی و کۆمەڵایەتی ئێمە، بەندنەبن بەقەدەری ئێمە، وەک جەستەیەکی کۆیلەی سوڕەکانی ژیانی بایۆلۆجی و غەریزەی وەحشی، ئەوساتە وێنەی جەستەمان وەک پەرەسێلکەی ئێوارانی پوشپەڕ بەسەربەستی لە شەقەی باڵیان بدایە، ئەوسا شتێک نەدەبوو پێی بڵێین بەندکردن و لەناوچوونی جەستەکان، خنکاندنیان لەنێو دەستوورەکانی ڕۆژانەژیاندا... بەڵام بەداخەوە ئەمە تەنها هیوایەکی پەرتبووی خەوبینەرێکە، چونکە وێنەکان بەقەرەباڵغییەوە بەنێو یادەوەری جەستەکاندا تێپەڕدەبن و ئەو ساتەشی لەهەموو شتێکی جەستە بێزار دەبن، خۆیان هەڵدەدەنە نێو جەستەکانەوە، بەڵام چ خۆهەڵدانێک!!.

خۆهەڵدانێک کەمنیش ئەو ڕۆژە هەستم پێکرد، نەخێر... بەڵکو بینیم چۆن وێنەی ئامۆزایەکەم بەهەناسە سواریەوە خۆی هەڵدایە نێو پەڵە ڕەیحانەڕەشەکانی دایکم، وەک دڵۆپەئاونگێکی بەرەبەیان بەسەر خاکی خەواڵوودا پەرشوبڵاودەبێتەوە.

تاکە شت کە دوور لەم لێکدانەوە خودیەم بەدویدا دەگەڕام، هۆکاری ڕمانی ئەو کەرتەشاخەگەورەیە بوو کە هەزارەها تەن دەبوو، بۆئەو مەبەستە

ئێوارێیەک سەردانی هاوڕێیەکم کرد لە زەمەنی خوێندنی زانکۆدا، تەمەنێکمان لە وتوێژی مارکسیانە بەسەر بردبوو، ئەویش بەهۆی جەنگ و هەڵاتنەوە، چیدی ئەوە نەبوو کەخۆی دەیەویست، وەک جیۆلۆجییەک ژیانی لەنێو تەمەن و گۆڕانکاری و وردبینیەکانی بەرد و چینەکانی زەوی و لەدایکبوونی شاخی سەدان هەزار ساڵە تەمەن بەسەر بەرێت، لەدوای شەڕی کوێت گەڕابووەوە سەر ئیشەکەی منداڵی، وەک بەرگدروویەک، بەڵام ئەمجارەیان بڕیاری دابوو چیدی جلی کوردی پیاوانە نەدوورێت، بەڵکو لە دوکانێکی بچوکی چەپەکدا، لەگەڵ مەعمیلە مێینەکانی دەکەوتە پێوانە و وتوێژی ژنانە، ئەو ڕای وابوو کەئەوە باشترین کارە سەختی و ڕۆژە بەفیڕۆچووەکانی جەنگی لەبیربەرێتەوە، لەوڵاتێکدا لێواو لێوە لە میلیشیا و عەسکەر و مەلای قسەڕەقی بێزارکار.

ئێوارەیەک بۆی ڕوون کردمەوە، کەئەو زنجیرە شاخە بەشێکی بچوکە لە جەستەی پاڵکەوتووی یەک چینی شاخاوی لە ئازەربایجانەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو دەگاتە زنجیرەشاخەکانی ئەو بەر، بەمانای لەو پێچەدا ئەو چینەدا کۆتایی پێ دێت، ئەو شوێنەی کەمامەم و ئامۆزایەکەم بەنیازبوون ڕاوەماسی لێ بکەن، پێچێکی تیژە و پەنجا مەتر دوای ئەوە دەگاتە پردێک و لەدوای ئەوە شاخەکە بەئاستێکی لار سەختیەکەی هێمن دەبێتەوە تاوەکو لە ئاستی پردەکەدا لەگەڵ دەشتەکەدا ڕێک دەبێتەوە، ئەو پێچە تیژە دوا خاڵی ئەو چینە شاخاویەوە کە ڕەگەکانی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ دەکات و وەک جەستەی دێوێکی زەبەلاحی لەسەر پشت کەوتوو و لە ئاسمان ڕاماو خۆی درێژ کردۆتەوە، لەوێشەوە، لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە بەئێراندا درێژ دەبێتەوە و تاوەکو دەگاتە کوردستان و لەو پێچەدا کۆتایی پێ دێت. هاوڕێکەم گوتی، ئەم چینە شاخاویانە وەک مرۆڤ ئاوەهان



هەریەکەو بەشێوەیەک و ڕێچکەیەکی تایبەتدا خۆی درێژ دەکاتەوە، سەیر نەبێت لام کەپێیت بڵێم خاوەنی ژیانی تایبەتی خۆیانن، هەر ئەوەندە نا بەڵکو وەک جەستەی مرۆڤ درێژ و کورت و بەهێز و لاوازیان هەیە!!... کەهاوڕێکەم هەستی کرد من زۆر وردی گوێی بۆدەگرم، بەردەوام بوو لە قسەکانیدا و لەگەڵیشیدا لەسەر لاپەڕەیەکی سپی چەندەها هێڵی تەریبی و ستوونی دەکێشا، هەندێکیان کورت و هەندێکیشیان درێژ، ئەو گوتی: هەندێک لەو زنجیرەشاخانە کەئێمە وا وێنەخوازی دەکەین کەشاخێک بەهۆی دووری لەوی دیکەوە جودایە لەوی دیکە لەبەر ئەوەی دۆڵێکی یاوەکو دەشتاییەکی لەنێواندایە، ئەو وێنەخوازیە لەڕووی زانستییەوە هەڵەیە، هەموو شاخێک بەشێکە لە جەستەیەکی گەورەی چینێکی جیۆلۆجی و هەموو چینێکیش خاوەنی خاسیەتی خۆیەتی، ئەوچینە سەختەی کە باسمان لێوەکرد لە چینە سەختەکانی ئەم گۆی زەویەیە، گەر چینەکانی دیکە بەپێی زەمەنی جیۆلۆجی پەنجاساڵ، یاوەکو دە ساڵ جارێک بەپێی خاسیەتی دروستبوونیان شەپۆلی لەرزینیان تێ بکەوێت کەچەند چرکەیەکی کورتە و لە زۆربەی کاتدا ئەوەندە لاوازە کە هەستی پێ ناکرێت، ئەوا چینە سەختەکان ماوەی ئەو شەپۆلەیان دەگاتە نێوان سەد تاوەکو سەد و پەنجا ساڵ، زۆر جارانیش دووسەد ساڵ، زۆربەی ڕوودانیشی لەنیوە شەودایە و لەو شوێنە لاوازانەیە کە شەپۆلە ناوەکیەکە دەتوانێت خۆی تێدا پەرش بکاتەوە، بەمەش کۆتایی پێ دێت و لەوانەیە سەد ساڵی دیکە شتێکی ئاوەها ڕوو بدات، جاری وەها هەبووە چەند کیلۆمەترێکی نەخایاندووە و هەر لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا کۆتایی پێ هاتووە، ئەوەندەی من بزانم پێش سەد و پەنجا ساڵ ئەو چینە سەختەی کە بەدرێژایی چەمی سیوەیل خۆی درێژ دەکاتەوە، لە بەشی ئازەربایجاندا شەپۆلێکی لاوازی بەخۆیەوە بینیووە، ئەمجارەیان لە کوردستاندا و کیلۆمەترێک دوور لە

پردی قەشان ڕوویداوە، خوا دەزانێ سەد ساڵی دیکە لە چ شوێنێکی دیکەی ئەم وڵاتانەدا ڕوودەدا، وەک دەبینی چینەکانی زەوی و شاخەکانیش وەک مرۆڤەکان خاوەنی زەمەنی تایبەتی خۆیانن...

بۆچی دەبێت لەو پێچە سەختەدا ئەو زەمەنی جیۆلۆجی و زەمەنی جەستەیی و زەمەنی ئەو سێبەرەی ساڵەهایە باسمان لێوەکردووە و دەجەنگاین لەدژی، یەک بگرنەوە؟!، ئەمە ئەو بیرۆکە سانایە بوو ئامۆزایەکەم ناوی ڕێکەوتی ناجۆر و نەگبەتیەکی دەرچوو لە زەمەنی لێنابوو، ناولێنانێک هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە بەگۆشت پیسی ناوزەدی کردبوو، لە ساڵانی پێش خومار بوونی بەو زەمەنە ناجۆرە، بەشێوەیەک کەئیدی وازی لێ هێنابوو بەئاسانی لەپێشە خۆیەوە هەنگاو بنێت و لەگەڵیدا بژی، ئەو گۆشت پیسیەی بەپیاوێکی نیمچە ڕووتی چوواندبوو، بەڕای وی لە شێوەی سێبەرێکی ئەبەدی لەپێش مامۆستای جوگرافیاوە هەنگاوی ناوە و ئەویش ڕۆژێکیان لە پۆلدا و لەو دیو پەنجەرەکەوە بینیویەتی، ئەو لەو بڕوایەدابوو کەتەنها ئەو هەستی پێ کردووە و ساتی هەستپێکردن و بینینی ئەو، ساتی مەرگی ئەوی دیکەیە، کەبەتەواوەتی خومار بووە بەحەشیشی ئەو سێبەرەی بەئارەزووی خۆی ڕاپێچی شوێنەکانی دیکەی دەکا و کۆتایشی دیاری دەکات، سێبەرێکی نیمچە ڕووت، دڕندە و عەیار وەک مێینیەکی فیتنەباز لە پێشتەوە سەمای خۆی دەکات.

من لەو ڕۆژانەی جەنگدا هیچ شتێکم نەدەبینی پێی بڵێن حەقیقەت، زەمەنی مرۆ لەگەڵ ژیاندایە کوڕە بچوکەکەم، زەمەنی ئێمە لەو زەمەنەدا شتێک بوو لەو خورافانەی کەتەنها جێگەی پیرێژنی سیحرباز و ئەجندەی دڵی تێدا دەبێتەوە، زەمەنی جەنگ کوڕەکەم، دوور لە تۆ، زەمەنی ڕێکەوتە ناجۆرەکانی دەرەوەی زەمەنی خۆیەتی.



## ١٠

لە دەرەوەی ئەو زەمەنە ئامۆزایەکەم سێبەری خۆی لە شێوەی پیاوێکی نیمچە ڕووت بەجێ هێشت، بەپەراسووی شکاو و جەستەی شێواوەوە ئەوی بەجێ هێشت، کەئێستا، دوای پازدە ساڵ و لەبیرکرنی هەموو ئەمانە جارێکی دیکە لە شێوەی دەمۆچاوێک لە خەونەکانی ئەم مەنفایەمدا دەردەکەوێت و ون دەبێت، زۆر جاران بەتایبەت لە زەمەنی پەڕەوازەییمدا لە سۆڤیەتی کۆن، لە میترۆ قوڵەکاندا، هەستم بەو پیاوە نیمچە ڕووتە دەکرد بەهێمنیەوە تێم دەڕوانێ، ئەو زەمەنەی هێشتا تۆ سپێرمێکی بزێوی نێو حەزە شەهوانیەکانی من بوویت، ئەو زەمەنە هەستم دەکرد ئەو سێبەرە لەزۆر شێوەدا دەردەکەوێت و ون دەبێت، بەڵام هەرگیز بەبیرما نەهاتووە، کە ڕۆژێک دێت لەپێش منەوە هەنگاو بنێت!!...

ئێستاش کوڕم، دوای تێکشکانم لەنێو تاراوگەدا، بوونم بەشتێک کە خۆشم نازانم چییە!!، بوونم بەبرغویەک لە فابریکێک، یاخود کەوانەیەکی داخراوی ژمارەی کارتێکێکم فەرمانبەرەکانی ئەم جیهانە پۆست مۆدێرنە لە کۆمپیوتەرەکانیاندا دەیهێنن و دەیبەن و بڕیاری لەسەر دەدەن، دوای بوونم بەشتێکی دوور وەک بوونەوەرێکی خاوەن ئیرادە و شتێک کە لە قاڵبی ئەوانی دیکەدا هەناسە هەڵکێشیت، ئەمانە وام لێ دەکات جارێکی دیکە

و بەبێ ویستی خۆم بیر لە زەمەنە ناجۆرەکان بکەمەوە. ئاخر من کوڕەکەم من بەبزمارێکی ژەنگاوی بەژیانەوە کوتراوم، ئێستاش دوای ئەم هەموو ساڵە هەست دەکەم ئەو ڕێکەوتە ناجۆرەی من و ئامۆزایەکەم لێی دەترساین جگە لە وەهمێک زیاتر نەبێت هیچی دیکە نەبوو، حەزکردنێک بوو لە قوتار بوون لەم ژیانە قەحپەیەی ڕۆژ بەڕۆژ بۆگەنی ناوگەڵی، هەموو ئاسوودەگییەکی ڕووکەشیش تەرە دەکات...



## ١١

کۆتایی چیرۆکەکانم کوڕەکەم هەروا خەمگینن، چار نییە کوڕم، کەڕۆژە دوورەکان ئاوەها بێ بەزەیی و خورافی بووبن، چار نییە کە تۆ کوڕی تاراوگەکراوێکی هیلاکی، بستە زەویەکی ئاسودەگی نادۆزێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بێ خەون و بیرەوەری ڕەش، شەو و ڕۆژەکانی تێدا بەسەر بەرێت، چیرۆکەکە کۆتایی هات بەو شێوەیەی ئامۆزایەکەم باسی لێوە کردبوو، خۆی بەو تولە ڕێگەیەدا هەنگاوی نابوو، کەخۆی هەر لە منداڵییەوە خۆی وەک سێبەرێکی ناوەخت لە زیندەخەونێکی دووردا بینی بووی، کە لەپێش زەمەنی ژیانەوە، سێبەرێک لە شێوەی ئەودا و لە تەمەنی کردنەوەی گوڵە شەڕانیەکانی تەمەندا بەسەر تولە ڕێگەیەکی باریکدا هەنگاو دەنێت.

سەرەتا من ئەو تولە ڕێگەیەم نەدەبینی کەبەشێکە لە نهێنییە ڕۆژهەڵاتییەکانی ژیان، لە سیحری هەستە گەرمەکانی ڕۆژهەڵات بەدووریەکی دیکەی ئەو دیو زەمەنێکی ریالیستی، ئەو هەستە گەرمانەی بەشێکن لە قوڕی شیعر و بەشێکیشن لە خۆڵی ئەفسانەی ئەو چیرۆکانەی دەماو دەم دەگێڕدرێنەوە، بەشێکیشن لە خەون بینین بەو دووریە نەبینراوانەی ئێمەی ژیاو لەنێو لۆجکیدا لە پرێکدا تێی دەکەوین، سەیر لەوەدایە ئەوکاتەی ئەو تولە ڕێگە لەبەرچاوی ئەو کاڵ بووەوە چیدی بڕوای

بەو خەونە دوورەی نەمابوو، لەبەردەمی مندا خۆیان شێوە باز دەکرد. ئەو سێبەرەی بەدرێژایی ژیانی هەستی پێ دەکرد و بەردوام وەک پیاوێکی شووم دەیبینی لەبەردەم ژوورەکانی ئەودا بەهێمنیەوە چاوەڕوانی دەکات و زۆر جارانیش لەپێشەوەی هەنگاوی دەنا، لە ساڵانی دواییدا لە بەردەمی ئەودا ون بوو بوو، بەڵام زەقتر لە بەردەمی مندا خۆی شێوەبازکردبوو، ئەوە پرۆسەی ڕاکردنی سێبەرێکی خورافی بوو لەبەردەمی ئەوەوە بۆ بەردەمی من.

دوای ئەم هەموو ساڵە هەمان سێبەر دەبینم، لەشێوەی پیاوێکی نیمچە ڕووت بەدوامەوەیە، بەڵام ئەمجارەیان لە شێوەی خۆمدایە، جارێکیان لەسەر ئاسمانی ئەسکەندەنافیا، لەسەر زەویەکی دیکە هەستم دەکرد لەو دیو هەورەکانەوە، لەسەر ڕووبەری دەریای هەورەکان سەیرم دەکات، وەک فریشتەیەکی باڵداری ڕەش بەبەردەمی پەنجەرەی بچوکی فڕۆکەکە دەهات و دەچوو، لەو دیو پەنجەرەکەوە، دەموچاوی ئەویش، ئامۆزایەکەم وەک ئەوەی لە دوکەڵی جگەرە دروست بێت، ئاوەها دەموچاوی دەنا بەپەنجەرە بچوکی فڕۆکەکەوە، بزە دەیگرت و لەگەڵ بزەکەیدا دەبووە تەمی سپی ئەو هەورانەی بەسەریدا دەفڕین، کە لە ستۆکهۆڵم دابەزیم، هاوڕێکەم لە بەشی پێشوازی چاوەڕوانی دەکردم، پێش ئەوەی سواری ئۆتۆمبێلەکە بین بۆ نێو شار، سەیرێکی هاوڕێکەم کرد، ئەویش چاوەڕێی ئەوە بوو من شتێک بڵێم، ڕاستیت دەوێت من ئەو سەفەرەم بۆ ئەوە کرد کەباسی ئەو سێبەرە، ئەو زەمەنە ناجۆرە بۆ هاوڕێکەم بکەم، بەڵام هیچم نەگوت، ویستم باسی ئەو سێبەرە و ئەو ڕێکەوتە ناجۆرە، ئەو زەمەنە تایبەتەی بۆ بکەم، بەڵام پەشیمان بوومەوە، بەدرێژایی ئەو هەفتەیەی پێکەوەش بووین، دژی ئەو هێزە وەحشیە دەوەستام کە پاڵم پێوە دەنێت بۆ ئەوەی باسی ئەو سێبەرەی



بۆ بکەم، کە لە نیشتمانەوە بەدوامەوەیە، کە جارجارەش سەیری دەرەوەم دەکرد، ئەو سێبەرەم دەبینی، لەنێو بەفری ئەسکەندەنافیا، لە دەرەوەی ئەو پەنجەرە گەورەی خانەی هاوڕێ تەنهاکەم، لەنێو چیمەنی زەردبووی سەرما بردەی بەر پەنجەرەکەدا، وەک پیاوێکی هێمن، نیمچە ڕووت، مەست بەمۆسیقای ڕۆژهەڵات، جگەرەی دەکێشا و بزە دەیگرت... ئاوەها بەبێ باکییەوە سەیری دەکردم...

تەواو

نورنبێرگ گەلاوێژی ٢٠٠٣